# ڕەخنەی ئەدەبی لەنێو مێژوی ئەدەبدا
# بە نمونەی (کاروانی شیعری نوێی کوردی)ی (کاکەی فەللاح)

**بارزان عەلی پیرۆت**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستان، عێراق

---

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی: (ڕەخنەی ئەدەبی لەنێو مێژوی ئەدەبدا بە نمونەی (کاروانی شیعری نوێی کوردی)ی (کاکەی فەللاح))دایە. توێژینەوەیەکە لە بارەی ڕەخنەی ئەدەبی لەنێو کتێبی مێژوی ئەدەبی کوردیدایە و (کاروانی شیعری نوێی کوردی)ی (کاکەی فەللاح) وەک نمونە وەرگیراوە. ئەم کتێبە بریتییە لە باسکردنی مێژوی ژیان و ئەزمونی شیعریی (9 شاعیر)ی نوێگەری ناوچەی سلێمانی و هەوڵێکە بۆ پیشاندانی ژیان و بەرهەمی شاعیرەکان و لەگەڵیشیدا چەند دیدێکی ڕەخنەیی بۆ شاعیر و بەرهەمە شیعرییەکانیان خراوەتەڕو. توێژینەوەکە بەپێی میتۆدی (پەسنیی شیکاری) ئەنجامدراوە و پرسە ڕەخنەییەکانی نوسەر (کاکەی فللاح)، کە لە کتێبەکەیدا (کاروانی شیعری نوێی کوردی)یدا خراونەتەڕو، لێکدراونەتەوە. هەر یەکە لە ڕەخنەی ئەدەبی و مێژوی ئەدەب و پەیوەندیی نێوانیان و ڕۆڵی ڕەخنە لە نوسینەوەی مێژوی ئەدەبیدا، باسکراوە. هەروەها چۆنیەتیی بەکارهێنانی ڕەخنەی ئەدەبی لە نوسینەوەی (کاروانی شیعری نوێی کوردی) بە پشتبەستن بە تیۆری نوسینەوەی مێژوی ئەدەبی خراوەتەڕو. لەگەڵیشیدا هەردو (ناچاری بەکارهێنانی ڕەخنە و پێویستنەبونی بەکارهێنانی ڕەخنە) لە لای نوسەرەوە خراوەتەڕو، کە وەک مێژونوس ڕەخنەی ئەدەبی و دید و بۆچونە ڕەخنەییەکانی بە بەرفراوانی لە نوسینەوەی مێژوی قۆناغ و ناوچەیەکی شیعری نوێی کوردیدا بەکارهێناوە. ئەو ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا بەدەستهاتون، بریتین لە دەرکەوتەکانی ڕەخنەی (خودی و بابەتی)ی (کاکەی فەللاح)، لە پڕۆسەی نوسینەوەی مێژوی ڕەوت و قۆناغ و پەرەسەندنی شیعری نوێ لە سەرەتای سەدەی بیست لە ناوچەی سلێمانی.

**وشە سەرەکییەکان:** ڕەخنەی ئەدەب، مێژوی ئەدەب، کاکەی فەللاح، کاروانی شیعری نوێی کوردی، شیعری نوێ.

---

## پێشەکی [1]

هەروەک ڕونە کاری مێژونوسی جۆرێکە لە کاری ڕەخنەیی. بەوەی پیشاندانی ئەدەبیاتە لە قۆناغ و ڕەوت و بەستێنێکدا لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی یەک میللەت و زماندا. هەریەکە لە (مێژوی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەب)، کە دو لقی نێو ئەدەبیاتناسین، سنور و تێکەڵییان زۆرە و بە سانایی لێک جیاناکرێنەوە و ئەم دو لقەی ئەدەبیاتناسی لە چوارچێوەی ئیشی خۆیاندا سود لە یەکدی وەردەگرن. دەتوانین بڵێین کاری مێژونوسی بەبێ گەڕانەوە و پشتبەستن بە ڕەخنەی ئەدەبی مەیسەر نابێت.

کتێبی (کاروانی شیعری نوێی کوردی) (کاکەی فەللاح)، کە لە ساڵی (١٩٧٨)دا بڵاوکراوەتەوە و کەرەستەیەکی مێژونوسیی ڕەوت و قۆناغێکی پەرەسەندن و نوێکردنەوەی شیعری کوردیی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمە، لە شاعیرانی ناوچەی سلێمانی و تێیدا (نۆ) شاعیری نوێگەر و جێدەستدیاری نوێکردنەوەی شیعری کوردی ناوچەی سلێمانیی باسکردووە و سوودێکی زۆری لە ڕەخنەی ئەدەبی بۆ بە ئەنجامگەیاندنی کارەکەی وەرگرتووە. بەشێک لە دید و کردە ڕەخنەییەکانی نێو مێژووەکەی پێویست و بەشێکی دیکەش ناپێویست بونە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە مشتوماڵی ڕەخنەی ئەدەب و مێژوی ئەدەب و پەیوەندیی نێوانیان و دەرکەوتنەوەیان لە نێو کتێبی (کاروانی شیعری نوێی کوردی)دا ڕانان بکرێن و لەم ڕێگەیەشەوە تەواوی جۆری دیدە ڕەخنەییەکانی (کاکەی فەللاح) و ڕۆڵیان لە نوسینەوەی مێژوی ئەدەبی قۆناغ و ڕەوتەکەدا پیشان بدرێت.

**هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:** چەند هۆکارێک لە پشت هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیەن، لەوانە: کەمیی لاکردنەوە لە ڕۆڵی ڕەخنە لە نوسینەوەی مێژوی ئەدەبدا. بایەخ و پێگەی ڕەخنە لە نوسینی مێژوی ئەدەبدا.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانج لەم توێژینەوەیەدا دەرخستن و مشتومالکردنی دید و تێڕوانینە ڕەخنەییەکانی کتێبی (کاروانی شیعری نوێی کوردی)یە، و ڕادە و چۆنیەتیی کاری ڕەخنەییە لە کتێبەکەدا. هەروەها دەبێتە بەرچاوڕونییەک بۆ هەر مێژونوسێکی ئەدەبی، لە ئاست مامەڵەکردنی مێژونوس بۆ چۆنیەتیی بەکارهێنان یان دوربون لە کاری ڕەخنەیی لە مێژوی ئەو ئەدەبەی دەیەوێت بینوسێت.

---

[1] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٩، ژمارە ٢ (٢٠٢٦)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٦ تشرینی یەکەم ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ٢٣ی کانوونی یەکەم ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٣٠ حوزەیران ٢٠٢٦ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر : barzan.pirot@uor.edu.krd
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٦ بارزان عەلی پیرۆت ، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 40.

**سنوری توێژینەوەکە:** سنوری توێژینەوەکەمان کتێبی (کاروانی شیعری نوێی کوردی)ی (کاکەی فەللاح)ە، کە لە چوارچێوەی یەک بەرگدا، لە ساڵی ١٩٧٨ دا لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین چاپکراوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** سروشتی توێژینەوەکە وا هەڵدەکەوێت باسی ڕەخنەی ئەدەبی و مێژوی ئەدەبی و پەیوەندیی لێکچونی و جیاوازییەکانیان بخرێتە بەرباس و دواتریش ئەمانە چۆن لە نێو کتێبی (کاروانی شیعری نوێی کوردی)دا دەرکەوتون، نیشان بدرێت. ئەمەش وای دەخواست میتۆدەکە (پەسنیی شیکاری) بێت.

**ناوەرۆکی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە بەسەر **دو بەشدا** دابەشکراوە، **بەشی یەکەم تیۆرییە،** بەسەر چوار تەوەردا دابەشکراوە، ئەوانیش: (ڕەخنەی ئەدەبی، مێژوی ئەدەب، پەیوەندیی مێژوی ئەدەب بە ڕەخنەی ئەدەبەوە، ڕۆڵی ڕەخنەی ئەدەبی لە نوسینی مێژوی ئەدەبدا)ن. **بەشی دووەمیش پراکتیکییە،** تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی کتێبی مێژوویی (کاروانی شیعری نوێی کوردی)ی (کاکەی فەللاح) بە پێی تیۆریی مێژوی ئەدەب، کە بەسەر چوار تەوەردا دابەشکراوە، ئەوانیش تەوەرەکانی: (ڕەخنەی ئەدەبی لە نێو کاروانی شیعری نوێی کوردیی کاکەی فەللاحدا، ناچاری ڕوانینی ڕەخنەیی لە نوسینەوەی مێژوی ئەدەبدا، پێویستنەبونی بۆچونی ڕەخنەیی لە نوسینەوەی مێژوی ئەدەبدا، هەڵسەنگاندنی بۆچونە ڕەخنەییەکانی مێژونوس)ن.
لە کۆتاییی توێژینەوەکەدا ئەنجامە بەدەستهاتووەکان باسکراون لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان.

## ١. بەشی یەکەم

### ١. ١. ڕەخنەی ئەدەبی

کاتێک دەقێکی ئەدەبی دەخوێنینەوە یان گوێیان لێدەبێت، کاریگەرییەک لە ناخماندا دروست دەکات. ئەم کاریگەرییە هەندێکجار زۆرە و هەندێکجاریش کەم، هەندێکجار لەگەڵ حەز و خولیامان یەکانگیرە و هەندێکجار بێزارکەر، ... هتد. ئەوەی ئەو کاریگەرییەی پێ دەناسینەوە و دەیپێوین، بریتییە لە ڕەخنەی ئەدەبی. کەواتە ڕەخنە لە دوای دەق دێت و ئەرکی ناسینی ئاستی دەق و تێگەیشتن لە دیوە لێڵ و شاراوەکانی دەقە. لە ئەمڕۆشدا چەندین ڕێگە و میتۆد و تیۆری هەن، تا لە ڕێگەیانەوە وردتر دەق پێ بناسین و لێی تێبگەین. دەتوانرێت لە چەندین گۆشەوە هەوڵی ناسینی دەق ئەدەبی بدەین، چونکە ڕەخنەی ئەدەبی ((خوێندنەوەیەکی قووڵ و گوێگرتنێکی هۆشمەندانەیە لە دەقێکی وێژەیی، کە هۆی بنیاتنانی پەیوەندییەکی هەست و نەستییە لە نێوانی ئەو دەقە و گوێگر و خوێنەرەکەیدا)) (بەسیر، ٢٠١٥: ٢١). مادامەکی دەق ڕاستەوخۆ بەر هەست و نەستی خوێنەر دەکەوێت و کاری لێدەکات و لێی تێدەگات، وادەکات خوێنەری زیرەک لە کاتی خوێندنەوەی دەقی ئەدەبیدا ڕۆڵی ڕەخنەگریشی هەبێت، لەسەر چۆن تێگەیشتن و ناسینی دەقەکە و لەم ڕێگەیەشەوە دەتوانێ ئاستی دەقە ئەدەبییەکە بناسێت.
لێکۆڵەران لە کۆنەوە لە چەندین ڕەهەندەوە لە ڕەخنەیان ڕوانیوە بۆ باشتر ناسینی خودی ڕەخنە و ئەرکی ڕەخنەی ئەدەبی لە بەرامبەر ئەدەب و ئەودیوی دەقەوە، چونکە مامەڵەی ڕەخنەگر لەگەڵ دەقی ئەدەبی مامەڵەیەکی هونەرییە، بە پشتبەستن بە میتۆدێکی زانستیی ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕێگەی زمانەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ((هەڵوەشاندنەوەی دەق و سەرلەنوێ دارشتنەوەی، یان خوڵقاندنەوەی دەق بە ڕەخنە، کاریکی داهێنەرانەیە)). (مەنتک، ٢٠١٨: ١٣) ئەم خوڵقاندنەوەیەی دەقەش کارێکی سانا و بە لەخۆوەیی ناکرێت و کاری هەمو خوێنەرێکیش نییە، بەڵکو کاری کەسانێکی ورد و بەئاگای مێژوی ئەدەبیات و ڕەوت و میتۆدە ڕەخنەییەکانە، کە بەهۆی بنەماکانی میتۆدە ڕەخنەییەکانەوە ڕەخنەگر بە لێوردبونەوە لە دەقی ئەدەبی ئەم کارە ڕەخنەییە مەبەسەر دەبێت، بۆیە پێویستییەکی حەتمییە ((ڕەخنەگر بە تەواوی بچێتە دونیای بەرهەمەکە و بەتەواوی لەگەڵیا تێکەڵ بێ و لەگەڵیا بژی)) (گەردی، ١٩٧٤: ٣٩). ئەمەش دواجار دەچێتە خزمەتی باشتر ناساندنی دەقی ئەدەبی بۆ خوێنەران، چونکە ڕەخنەی ئەدەبی بە پشتبەستن بە میتۆدێکی ڕەخنەی ئەدەبی یان زیادتر کار بۆ ڕونکردنەوە و لادانی گومان و نەزانراوەکانی دەقی ئەدەبییە، کە خودی دەقی ئەدەبی بە کۆمەڵێک واتا و دەلالەت و ڕەمز و سرک و خۆبەدەستەوەنەدان دێتە پێش چاو. بۆیە ئەرکی ڕەخنەگر ئەوەیە ((پێکهاتە و واتای دەق بۆ خوێنەرانی ڕاڤە دەکا، پاشان ئەو بنەما هونەریانەی دەقەکەی لەسەر بونیادنراوە ڕوون دەکاتەوە)) (مەنتک، ٢٠١٨: ١٤). ئەم پرۆسەیەش ئەرکێکی دیکەی لەخۆیدا هەڵگرتووە، کە هەڵسەنگاندنی دەق و پێکهاتە و مانای دەقە. ئەم ئەرکەیش پێویستە بێلایەنانە بێت و وابەستە بە بنەماکانی میتۆدێکی ڕەخنەیی بێت بۆ شۆڕبونەوە بەناو قووڵاییی دەقی ئەدەبی و کەشفکردنی دنیای نارونی دەقی ئەدەبی، دور لە هەر بڕیارێکی پێشوەختە و وردبونەوەی ڕوکەشی و بڕیاردانی خودییانەی ڕەخنەگر لە پرۆسەی ڕەخنەدا.

### ١. ٢. مێژوی ئەدەب

ڕابردوی مرۆڤایەتی پڕە لە ڕوداو و بەسەرهاتی جۆراوجۆر. مادامەکی ڕەوڕەوەی مرۆڤایەتی هەر لە ڕۆیشتن و گۆڕانکاریی جۆراوجۆردا بووە، کەواتە بۆ هەر سەردەمێک چەندین چیرۆک و ڕوداو و بەسەرهات و خۆشی و تەنگژەی جۆربەجۆر وەک ڕابردو هەن و بەشێک لەم ڕوداو و بەسەرهاتانە جێی شانازی و بەشێکی جێی نیگەرانیی مرۆڤەکان بوون. هەمو ئەو ڕابردو و بەسەرهاتە جۆربەجۆرانەی ڕابردوی مرۆڤایەتی، بریتین لە مێژو. بۆئەوەی وەک بەڵگە ئەم مێژوە بمێنێتەوە بۆ ئێستا و ئایندەی مرۆڤەکان، باشترین ڕێگە پاراستنیەتی وەک بەڵگە؛ تاکو سود لەم ئەزمونە مێژووییە وەربگیرێت و سامانی ڕابردو و ئەم کێشمەکێش و بەسەرهات و ڕوداوانە هەروا بە سانایی ون نەبن و لەبیر نەکرێن. ئەوەی ئەو کارەش دەکات، ڕابردو دەهێڵێتەوە، بریتییە لە مێژونوس. واتە ئەوەی مێژونوس ڕابردو و بەسەرهات و ڕوداوەکان بە دیکۆمێنت دەکات و دەیانوسێتەوە و بەپێی قۆناغ شەن و کەوی ڕوداوەکانی ڕابردو دەکات و دەیخاتە بەردەستی نەوەی داهاتو، ئەوە بریتییە لە مێژو. هەمیشە نەوەی داهاتوش هەست بە شانازی و هەندێکجاریش نیگەرانی بەرانبەر بە ڕوداو و بەسەرهاتەکانی ڕابردوی نەتەوەکەی خۆی هەیە. بۆیە کاتێک دەمانەوێت وەڵامی پرسیارێک سەبارەت بە ڕابردو وەربگرینەوە، پەنا دەبەینە بەر مێژو، چونکە دەزانین کاری مێژونوس تۆمارکردن و هەڵسەنگاندن و ئاشکراکردنی هۆکارەکانی دروستبوونی مێژووەکەی کردووە. کەواتە خوێنەر چاوەڕێی ناسین و زانیاری لە مێژو دەکات. سەبارەت بە مێژوی ئەدەبیش دەرخستنی گەشەی دەق و قۆناغێکی ئەدەبیات باشترین جۆری نوسینەوەی مێژوی ئەدەبە. بۆیە پێویستە مێژونوسی ئەدەبی تایبەتمەندیی قۆناغە لێکجیاوازەکانی ئەدەبیات و نێوان بەرهەمی شاعیرەکانیش بەدەربخات بەبێ دروستکردنی ناهاوسەنگی لە بایەخدان یان نەدان بە شاعیرەکان و بە جدییەوە کار لەسەر ئاوێزانکردنی سەردەمی ئەدەبی بە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمەوە بکات. ئەمەش بە پیشاندانی هەلومەرجە جۆربەجۆرەکانەوە بەدی دێت. ئەگەر ئەم کارانەش ئەنجامدران ئەوا ئەو چاوەڕوانییەی خوێنەریش کە لە مێژوی ئەدەبدا هەیەتی بەدی دێت.

هەرچی مێژووی ئەدەب (History of literature)ە، (تأريخ الأدب)ە، وەک چەمک، بریتییە لە ((مێژووی پێشکەوتنی یان دیاریکردن و پۆلێنکردنی قۆناغە جیاوازەکانی ئەدەبی نەتەوەیەک)) (حوسێن، نازم، ٢٠٢٠: ١٣)، و مێژووی ئەو ئەدەبیاتە دەگرێتەوە، کە نوسراوەتەوە و بریتییە لە ((لێکۆڵینەوە و نوسینەوە و دۆکۆمێنتکردنی بابەتە ئەدەبییەکانی سەدەکانی پێشو، یان ساڵانی پێشووە)) (ئەسوەد، ٢٠١١، ٣٤). ئەوەی ئەو کارەش دەکات، بێگومان مێژونوسی ئەدەبە. کەواتە مێژووی ئەدەب، تەواوی ئەو ئەدەبیاتە دەگرێتەوە، کە لە ڕابردودا نوسراوەتەوە بە هەموو قۆناغ و هەڵکشان و داکشانییەوە.

مێژووی ئەدەب وەک زانستێک و لقێکی ئەدەبیاتناسی لە تەک (تیۆری ئەدەب، ڕەخنەی ئەدەب، بەراوردی ئەدەب، جوانیناسی)، لە ناساندنی ئەدەبدا بەشدارە؛ بەوەی ((مێژوی ئەدەب، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی هەر میللەت یان هەر زەمەنێکە بەپێی ڕێچکە مێژوییەکەی خۆی، لە مێژووی ئەدەبدا بەرهەمە ئەدەبییەکانی هەر وڵات یان گەلێک و زمانێک بە لەبەرچاوگرتنی ڕێچکە مێژوییەکەیان و بەردەوام دەکەوێتە بەر ڕەخنە و شیکردنەوە. مێژووی ئەدەبیش ئەوەی لە بەردەوامی و زیندوێتییەکەیدا دەناسێت و لە ڕاستیدا جۆر یان بەشێکی ڕەخنەی ئەدەبییە لە بەرگی مێژودا جموجۆڵی خۆی دەنوێنێت)) (فتوحی، ١٣٨٧: ٣٢). مێژووی ئەدەب لە هەوڵی ناساندن و بەستنەوەی بە کات لە ڕوی مێژووییەوە لە هەوڵدایە و لە چوارچێوەی ئەو مێژووەی تێیدا بەرهەمهاتووە خوێندنەوەی بۆ دەکات. ئەمەش زیادتر بە سودوەرگرتن لە ڕەخنەوە ئەنجام دەدرێت. بۆیە ((مێژوی ئەدەب لایەنێکی خودی ڕەخنەی ئەدەبیشە، مێژووی ئەدەبیش وەک ڕەخنەی ئەدەبی خەریکی دروستکردنی ڕایەڵی نێوان نوسەری دەق و خوێنەرە. ئەویش بە وەرگرتن و وردبونەوە و تێگەیشتن و قسەلەسەرکردنی ئەو دەقانەیە کە لە مێژووەکەدا دەخرێنەڕو)) (قویمی، ١٣٨٤: ٧٩). هەر یەکە لەم ئەرکانەی دەکەوێتە سەر مێژوی ئەدەبیات، هەر پیشاندانی ئەدیب و ئەدەبە بە خوێنەر. کەواتە مێژووی ئەدەب زانستێکی نوێیە و لەگەڵ مێژوی زانست، مێژوی سیاسی، مێژوی کۆمەڵایەتی و مێژوی ئابوریدا سەریهەڵداوە و ئەرکی ڕونکردنەوە و پیشاندانەوەی هەرچی ئەدەبیاتی ڕابردووە بە ئێستا و ئایندە. هاوکات بزوتنەوەی ڕۆمانسیزم لە ئەوروپا و دوای بایەخێکی زۆر بە ئەدەبیات، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد گەلان خۆیان بایەخ بە مێژو بدەن، چونکە باوەڕیان وابو میللەتان خۆیان دەستیان لە دروستکردن و گۆڕینی مێژو هەیە، نەک سەرکردە و پاشا و پیاوانی ئاینی، کە کلاسیکییەکان باوەڕیان بەوە هەبو. (ئەسوەد، ٢٠١١: ٣٥) ئەم مێژووەش تەنێ کۆکردنەوەی زانیاریی ڕوداوەکان بە زنجیرەیی نییە، بەڵکو لەپاڵ ئەمەشدا ئەم زانیاری و زنجیرەی ڕوداوەکانی نێو ئەدەب و ئاراستە جیاجیاکان و فراژەکانی ئەدەبیات پێویستییەکی حەتمییە، مێژونوسی ئەدەب لێکیانداتەوە و هۆکارەکانی ڕوداو و فراژە ئەدەبییەکان بەرباس بکات و بۆ خوێنەرانی مێژووەکەی ڕونبکاتەوە، چونکە خوێنەری مێژوی ئەدەب ناسینی ئەدەبیاتی ئەو گەلە لە مێژووەکە چاوەڕێ دەکات. ڕەنگە لە کۆندا مێژوی ئەدەب بریتی بوبێت لە نوسینەوەی ڕوداو و زانیارییەکان و تەواو، بەڵام گرنگە مێژوی ئەدەب لە ناساندنی ئەدەبیاتی ڕابردودا جێدەستی دیاربێت، ئەویش لە ڕێگەی میتۆدی ڕەخنەیی و تیۆریی ئەدەب و بەراوردی ئەدەبی و ... هتد. ئەگەر هاتو مێژونوسی ئەدەب ئەم کارەی کرد، ئەوا دەتوانێ لە ناساندنی ئەدەب ڕۆڵی هەبێت، یان وەڵامی (ئەدەب چییە؟)ی پێبدرێتەوە، کە لایەنێکی گرنگی مێژوی ئەدەبی لەسەر وەستاوە. مێژوی ئەدەب ((ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ناساندن و دەرخستنی چییەتی ئەدەب، چونکە هەم کۆمەڵێک ڕوداو و بەرهەممان پێ دەناسێنێ کە دەبێ وەک ئەدەب چاویان لێ بکەین و هەم گۆڕان و خەسڵەتەکانی ئەدەبیشمان پێ نیشان دەدا)) (عەبدولغەفوور، ٢٠١٣: ٤٨)، بەڵام ئایا مێژونوسی ئەدەب چۆن و لە چ کلاوڕۆژنەیەکەوە ئەم گۆڕان و فراژ و ڕەوتەکانی نێو ئەدەبیات پیشاندەدات؟ گرنگە. بۆیە لە مێژوی ئەدەبدا مێژونوس لەپاڵ تۆمارکردن و دیاریکردنی قۆناغ و بەستێنە مێژووییەکانی ئەدەبیات، ئەرکی لێکدانەوە و دۆزینەوەی هۆکارەکان و شێوەی بەرهەمهێنانەوە و پیشاندانەوەی ئەدەبەکەشی لە ئەستۆدایە، کە بە پشتبەستن بە ڕەخنەی ئەدەب و بەراوردکاری و هەندێکجاریش هەلومەرجی دەرەوەی دەقیش وەڵامیان بۆ دەدۆزێتەوە.

بەپێیە مێژوی ئەدەب، مێژوی ئەدەبیاتی میللەتێک بە شێوەی یەک بەدوای یەک، یان قۆناغ بە قۆناغ، یان لەسەر بنەمای دیالێکت و ئایدۆلۆژیای ئەدەب و بزاڤە ئەدەبییەکان، باسدەکات و دواتر دەست بە کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی دەستنوس و دیوانەکان دەکات، ئینجا دەیخاتە بەرباس. ئەم کارەی مێژونوسی ئەدەبیش بریتییە لە: ڕەخنە، بەراوردکار، ڕاڤەکار و لێکۆڵینەوەی ئەدەب بە هەمو ئەو ئەدەبیاتەی، کە ئەدەبی زمانێک یان گەلێک لە ڕابردودا، بە قۆناغە جۆربەجۆر و پڕ لە فراژەکاندا پێیدا تێپەڕیوە لە کۆنەوە تا هەنوکە. (عومەر، ٢٠١٩: ٣٥١ـ ٣٥٢) ئەم کارەش سانا نییە و پێویستی بە لێهاتویی و سەلیقە و حەوسەڵەی مێژونوس و کەسایەتییەکی پشوودرێژ و بێ لاگیری و ڕەخنەکار و بەراوردکار و زمانزانێکی باش هەیە، تا لە ناساندنی ئەدەبی میللەتێک و زمانێک بە نەوی ناوێ سەرچیخ نەڕوات و وەڵامی زۆر لێڵی و پرس و پرسیاری نێو ئەدەب بداتەوە، چونکە خودی دەقی ئەدەبی لە نێو کۆی سیستمی کۆمەڵایەتی، دینی، سیاسی، ئابوری و کەلتوری... هتد، ی نەتەوەکەیدا، لە بەریەککەوتن و جوڵەدایە. بۆ باشتر نیشاندانی ئەدەب لە نێو مێژوی ئەدەبیدا مەرجە مێژونوس ئاوڕ لە تەواوی ئەو جوڵە و کارتێکردن و کاریگەرییانە بداتەوە، تاکو مێژویەکی فریونەدر و زانستی و بابەتی بەرهەمبهێنێتەوە.

### ١. ٣. پەیوەندیی مێژوی ئەدەب بە ڕەخنەی ئەدەبەوە

وەک لە پێشتردا گوتمان یەکێک لە کارەکانی مێژوی ئەدەب لە ڕێگەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە ئەنجام دەدرێت، چونکە مێژوی ئەدەب نزیکایەتییەکی زۆری لەگەڵ ڕەخنەی ئەدەبیدا هەیە، واتە مێژوی ئەدەب بەبێ ڕەخنەی ئەدەب ئەنجام نادرێت. هەر خودی مێژوی ئەدەب لەگەڵ ڕەخنەی ئەدەب و تیۆری ئەدەبدا لقەکانی ئەدەبیاتناسی پێکدەهێنن. ئەم پەیوەندییە لێکنزیکەی نێوان مێژوی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەب لە چەند ڕوویەکەوەیە و زۆر بە نێو یەکدیدا ڕۆچونە و گەڕاندنەوە و بردنەوە سەر شارێگەی ڕاستەقینەی هەر یەکە لە مێژوی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەب، پێویستی بە وردەکاریی و لێتێگەیشتنێکی ورد هەیە، ئەمەش لێکنزیکی لە ئامانج و کارکردن لەسەر ناساندنی ئەدەب بە گشتی و دەقی ئەدەبی بەتایبەتی خولقاندویەتی.

کەرەستە گرنگەکەی مێژونوسی ئەدەب، لە کاتی نوسینەوەی مێژووەکەیدا، بریتییە لە (دەقی ئەدەبی)، دواتر لەسەر ئاستی ئەم دەقە ئەدەبییەوە درێژە بە نوسینەوەی مێژوی ئەدەب دەدات. جا لێرەدا هەرچی مێژونوسە پێویستییەکی زۆری بە ڕەخنەی ئەدەبی دەبێت، چونکە مێژونوس دەبێ بەرلەوەی دەقێک وەک ئەدەب بخاتە نێو مێژووەکەیەوە، یەکلابوێتەوە، کە ئایا ئەم دەقە دەچێتە چوارچێوەی ئەدەبەوە؟ ئەمەش لەسەر بنەما و پێوەر و یاسا و تیۆر و میتۆدێک ئەم دەقە شوناسی ئەدەب (هەر ژانرێک بێت) هەڵدەگرێت. ئینجا دەست بە ئیشکردن لەسەر بەرهەمە

ئەدەبییەکە دەکات. ئەو میکانیزمەی ئەم دەقە بە دەقێکی ئەدەب هەژمار دەکات ڕەخنەی ئەدەبییە.

لێرەدا پەیوەندیی مێژووی ئەدەب بە ڕەخنەی ئەدەبییەوە دەردەکەوێت، واتە مێژووی ئەدەب بە پێوانەی ڕەخنەی ئەدەبی، دەق و خاوەن دەق (ئەدیب) هەڵدەبژێرێت و دەیترنجێنێتە نێو مێژووەکەی و کاری مێژوویی لەسەر دەکات. بەم پێیە ئەوەی وادەکات دەقێک بە دەقی ئەدەبی بناسرێت خودی ڕەخنەیە. بەمەش ڕەخنەی ئەدەبی دەیەوێت بەهۆی ڕێگە جۆربەجۆرەکانییەوە واتا و تەکنیکە شاراوەکانی دەقێک ئاشکرا بکات و ئەدەبییەتی دەقەکە دەربخات و ڕێگەی چونە نێو مێژووی ئەدەبیاتی پێبدات. ئەم کارەش ڕەخنە لە پرۆسەیەکی چڕی وەکو (ناساندن، شیکردنەوەی پێکهاتەکان، ڕاڤەکردن، نرخاندن و ناساندن)دا جێبەجێی دەکات، (عەبدولغەفوور، ٢٠١٣: ٧٢)، چونکە ئەرکی ڕەخنەگرانە بەدوای ئەدەب چییە؟ و جیاوازیی لەگەڵ نائەدەب چییە؟ هەروەها بەدوای ڕەگە سەرەتاییەکانی داهێنانی ئەدەب (چۆن دەنوسرێت)دا دەچێت، تاکو لەم وەتەرەوە ڕۆڵ و ئەرک کە دەکەوێتە سەر شانی ئەوەیە چۆن دەقێکی  ئەدەبی لە دەقێکی ئاسایی جیادەکاتەوە، کە ئەمە خودی ڕەخنەیە. کەواتە مێژونوسی ئەدەبی دەبێت لە یەکەم هەنگاویدا لە ڕێگەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە دەست بە هەڵبژاردنی دەق بکات. ئەمەش بۆ مێژونوس ڕێگەپێدراوە ئەم کارە ڕەخنەییە بە شێوەیەکی بابەتی ئەنجامبدات، دور لە بڕیاردانی توند یان ئاسان و نادروست و بڕیاری خودییانە نەخاتە پێش بڕیاری بابەتییانەی دیاریکردن و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی بۆ نێو مێژووی ئەدەبی. ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە نزیکییەکی زۆر لە نێوان مێژووی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیدا هەیە. بۆیە مێژونوس ((پشت بە هەندێ لە پێوەرەکانی ڕەخنەساز دەبەستێت و پەنجە بۆ پلەی وێژەر لە مێژووی ژیانی وێژەرانی هاوسەردەمی و بەر لەو درێژبکا. بەڵام ئەمە مەبەستی سەرەکی ئەو نییە)). (بەسیر، ٢٠١٥: ٣٣) ئەوەی دکتۆر کامیل بەسیر دەیڵێ مافپێدانی ڕۆڵی ڕەخنەگرە بە مێژونوسی ئەدەبی. زۆرجار لە کتێبە مێژوییە ئەدەبییەکاندا ئەوە بە ڕونی دیارە، کە مێژونوسی ئەدەبی سنوری نوسینی مێژووی ئەدەب تێدەپەڕێنێت و ڕۆڵی ڕەخنەگر دەگێڕێت، بەڵام سنوری بەکارهێنانی ڕەخنەی ئەدەبی لەلای مێژونوسی ئەدەبی سنورداره، تا ئەو شوێنەیە کە دەگاتە بەکارهێنانی میتۆد و تیۆری ڕەخنەیی، هەر کاتێک گەیشتە بەکارهێنانی میتۆد و تیۆری ڕەخنەیی ڕاستەوخۆ دەچێتە شوێنی ڕەخنەگری ئەدەبی و ئەم کارەشی بە بابەتێکی دەرەوەی زانست و ڕێبازی نوسنەوەی مێژووی ئەدەبی هەژماردەکرێت.

بەگشتی مێژووی ئەدەب پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ڕەخنەی ئەدەب هەیە، بەوەی مێژونوسی ئەدەب لە ڕێگەی دیدە ڕەخنەییەکانی خۆیەوە دەیەوێت دەقی ئەدەبی بۆ خوێنەری مێژووەکەی ڕونبکاتەوە، چونکە هەمیشە خوێنەری مێژووی ئەدەبی، ناسینی ئەدیب و ئەدەبەکە لە مێژووی ئەدەب چاوەڕێ دەکات. بۆ بەدیهێنانی ئەو چاوەڕوانییەش مێژونوس دیدە ڕەخنەییەکانی خۆی بۆ ناساندنی ئەدیب و ئەدەب و ئەو ڕەوتەی ئەدەبەکەی تێدا نوسراوەتەوە، بەکاردەهێنێت.

### ٤.١. ڕۆڵی ڕەخنەی ئەدەبی لە نوسینەوەی مێژووی ئەدەبدا

ڕەخنەی ئەدەبی لە مەیدانی بەخشینی شوناس بە دەقی ئەدەبی و گەیشتن بە ڕاستی و دروستیی دەق و ئاستی دەق، گەلێک ئەرک لەخۆدەگرێت. بەجۆرێک لەگەڵ زانستی مێژووی ئەدەبدا هاوکارە، بە مانایەکی دیکە مێژونوس لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕەخنەوە مێژووی ئەدەب دەنوسێتەوە و ئەگەر دیدە ڕەخنەییەکانی مێژونوس نەبێت مێژوویەکی باش نانوسرێتەوە، بەڵکو کۆرنۆلۆژیای شاعیران دەردەچێت و ئەرکی خۆی کە (مێژووی ئەدەب)ە جێبەجێ ناکات، چونکە هەر یەکەمین و سەرەتاییترین کارێک مێژونوسی ئەدەب دەیکات، بریتییە لە دیاریکردن و هەڵبژاردنی چەند شاعیرێک لە هەر قۆناغێکدا. خودی ئەم دیاریکردن و هەڵبژاردنەی شاعیران و جێکردنەوەیان لە نێو مێژووی ئەدەب کارێکی ڕەخنەی ئەدەبییە. واتە مێژونوس لە ڕێگەی دیدە ڕەخنەییەکانی تایبەت بە خۆی و ئەو ئامانجەی، دەیەوێت لە مێژووەکەیدا پێی بگات شاعیران دیاریدەکات و دەیانخاتە نێو مێژووەکەیەوە.

مێژونوسانی ئەدەب لە نوسینی مێژووی ئەدەبدا دەیانەوێت وەک مێژونوسی ئەدەب دەرکەون و خۆیان لەم بەرگەدا دەردەخەن لەکاتێکدا ((مێژووی ئەدەب بەبێ ئامادەیی ڕەخنەیەکی ئەدەبی بەهێز ناتوانێ بوونی هەبێت)) (عەبدولغەفوور، ٢٠١٣: ٧٣) و ئەوە ڕەخنەیە توانا و مانا و دەلالەت و پێکهاتە و تەکنیکەکانی دەق دەردەخات و ڕۆڵی هەیە لە بەرەوپێشبردن و کامڵبون. بێگومان ((هیچ ئەدەبێک بێ پشتیوانی ڕەخنەی دەوڵەمەند، ناتوانێت سەرێک لەنێو سەران دەربێنێ و بڵێت منیش هەم)) (ئەحمەدزادە، ٢٠٢٠: ماڵپەڕی ژنەفتن). کەواتە خودی ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆڵێکی کارای لە پێشخستنی ئەدەبدا هەیە و دواجاریش لە ڕێگەی چەند بنەمایەک دەقی باش شوێنپێی خۆی لەنێو مێژووی ئەدەبدا جێگیردەکات.

لە سەرلەبەری پڕۆسەی نوسینەوەی مێژووی ئەدەبدا، خودی ڕەخنەی ئەدەبی ئامادەییەکی کارای هەیە. سنوری بەکارهێنانی ڕەخنەی ئەدەبییش لای مێژونوسی ئەدەب سنورداره و زۆر گرنگە مێژونوس ئاگاداری بەکارهێنانی ڕەخنە بێت و لێنەگەڕێت ئەرکەکەی لە مێژونوسییەوە بچێتە سنوری ڕەخنەی ئەدەبییەوە. ئەم ڕۆڵ و گرنگییەی ڕەخنەی ئەدەبی لە پڕۆسەی نوسینەوەی مێژووی ئەدەبیش بۆ ئەوەمان ڕادەکێشێت سەرنجی چەند میتۆدێکی ڕەخنەی ئەدەبی و ڕۆڵی لە نوسینەوەی مێژووی ئەدەبیدا بدەین.

یەکەمین کاری مێژونوسی ئەدەبی دوای هەڵبژاردنی ئەدیب و بەرهەمەکانی (کە ئەم هەڵبژاردنەی ئەدیبان لای مێژونوس خۆی لە خۆیدا کردەیەکی ڕەخنەییە)، بەرانبەر خودی دەقی ئەدەبی خۆی دەبینێتەوە و مێژونوسیش لە هەوڵی ئەوەدایە باوەڕپێکراوترین دەقی ئەدەبی وەربگرێت، دەقێک هیچ گومانێکی لەخۆیدا هەڵنەگرتبێت (ئەم حاڵەتە لە نێو دەقی ئەدەبیی کۆنی کوردیدا زۆر هەیە)، ئەمەش بۆئەوەی نەکەوێتە هەڵەوە و ڕاستترین دەقی ئەدیب هەڵدەبژێرێت، ئەویش لە ڕێگەی میتۆدی (ڕەخنەی ڕاستکردنەوەی دەق) (textual) (عەبدولغەفوور، ٢٠١٣: ٧٤) بەم میتۆدە ڕەخنەییە مێژونوس لە کەناری هەڵبژاردنی دەقی ئەدەبیی هەڵە دوردەکەوێتەوە، چونکە خودی میتۆدی ڕەخنەیی لە ڕاستکردنەوەی دەق هەوڵدەدات دەقێکی ڕەسەن و باوەڕپێکراو بخاتە بەردەست مێژونوس. مێژونوس لەوە خاترجەم بێت ئەم دەقەی لە مێژووەکەیدا جێگەی دەکاتەوە ڕەسەن بێت و لە ژێر دەستی خاوەن بەرهەمەوە هاتبێتە دەرەوە و دەقەکە دووچاری دەستێوەردان و دەستکاریکردن نەهاتبێت. لە ڕاستیدا ئەمەش کاتێک دەرکی پێدەکرێت، کە مێژونوس لە ڕێگەی هۆشیاریی ڕەخنەی ئەدەبییەوە هەستدەکات دەقێکی لەبەردەمدایە لە ناوەرۆک و ڕوخساردا هەست بە شێواوی دەکات (زیرین کوب، ١٣٥٤: ٩٦). بەمەش دەردەکەوێت ڕۆڵی ڕەخنە لێرەدا زۆر پێویستە و مێژونوس لە کاتی هەڵبژاردنی دەقی ئەدەبی لەم ڕێگەیەوە دەتوانێت دەقە هەڵبژێردراوەکانی بە فلتەری پێداتێپەڕیوی میتۆدی ڕەخنەی ڕاستکردنەوەی دەقی ئەدەبیدا بۆ نێو مێژووی ئەدەب هەڵبژێرێت.

هەروەها میتۆدێکی دیکەی ڕەخنەی ئەدەبی کە ڕۆڵ و نزیکایەتییەکی زۆری لەگەڵ مێژوی ئەدەبدا هەیە، بریتییە لە میتۆدی (ڕەخنەی مێژویی) ( History of criticism). ئەم میتۆدە هەوڵێک بوو بۆ خوێندنەوە و ناسین و لێکدانەوەی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی نوسەر، چونکە باوەڕیان بەوە هەبو نوسەر کوڕی ڕۆژگاری خۆیەتی و لە ژێر کاریگەریی تەواوی دیاردەکانی دەوروبەری خۆیدا، دەقی ئەدەبی بەرهەمدەهێنێت. کەواتە دەقی ئەدەبی بە دیدی ئەم میتۆدە ڕەخنەییە، بریتییە لە ڕوداوە مێژویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەم و ژینگەی ئەدەب. (مەنتک، ٢٠١٨: ٥٩ـ٦٠) واتە بارودۆخی مێژویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ... هتد، لە نوسینی دەقی ئەدەبی لەنێو ناوەڕۆکی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەدیبدا ئامادەییان هەیە. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەم میتۆدە ڕەخنەییە مێژوییە، کار لەسەر ئاشکراکردنی زۆربەی لایەنە نادیارەکانی دەق دەکات، بە مەبەستی گەیشتن بە مەبەستی شاعیر و هەڵێنانی مانا و دەلالەتە شاراوەکانی نێو دەقەکە. ڕۆڵی ئەم میتۆدە ڕەخنەییە لەمەڕ ئاشکراکردنی دیوە شاراوەکانی دەقی ئەدەبی، ئەوەندە چووەتە پێشەوە، هەندێ نوسەر و ڕەخنەگر بە ئامرازێکی دیاری مێژوی ئەدەبی دادەنێن. (عەبدولغەفوور، ٢٠١٣: ٧٦) بەم پێیەبێت میتۆدی ڕەخنەی ئەدەبی بۆ زیاتر باشتر ناسینی دەقی ئەدەبی، پشت بە (ژیاننامە و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ... هتد) دەبەستێ و بە مێژوی بیرکردنەوە لە سەردەمی دەقنوس دایدەنێن.

ڕۆڵی ڕەخنەی ئەدەبی بریتییە لە ناساندن  و کێومالٌکردنی دەقی ئەدەبی، بۆ یەک مەبەست، ئەویش باشتر ناساندنیەتی بە خوێنەر، لە هەمان کاتیشدا مێژوی ئەدەبیش بۆ ئەم مەبەستە کاردەکات، تاکو ئەدەب باشتر و ساکارتر بە خوێنەر بناسێنێت. (عەبدولغەفوور، ٢٠١٣: ٧٧) کەواتە هەریەکە لە ڕەخنەی ئەدەب و مێژوی ئەدەب دەیانەوێت ڕایەڵێکی پەیوەندی لەسەر ئاستی ناساندن لە نێوان دەقی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەب بهێننە ئاراوە.

لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە مێژوی ئەدەب بە سودوەرگرتن لە ڕەخنەی ئەدەبی و دەربڕینی دیدە ڕەخنەییەکانی بۆ ئەدەب دەست بە نوسینەوەی مێژوی ئەدەب دەکات، هەر لە هەڵبژاردنی شاعیران و دەقەکانیان و قسەلەسەرکردنیان ناتوانێت نەچێتە شوێنی ڕەخنەگرەوە. بۆیە دەڵێین ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆڵێکی زۆری لە نوسینی مێژوی ئەدەبدا هەیە و نوسینی مێژوی ئەدەب بێ بەکارهێنانی ڕەخنەی ئەدەبی بریتی دەبێت لە کۆرنۆلۆژیای ئەدیبان. بۆیە بەکارهێنانی ڕۆڵی ڕەخنە لە نوسینەوەی مێژوی ئەدەب کارێکی ڕێگەپێدراو و ئاساییە، بەڵام زۆر زانستی دەبێت کاتێک مێژونوس تخوبی دیدە ڕەخنەییەکانی بپارێزێت لە بەکارهێنانی ڕەخنەی ئەدەبی و کاری ڕەخنەگر نەکات و میتۆدی ڕەخنەی ئەدەبی نەخاتە خزمەتی نوسینەوەی مێژوی ئەدەب.

## ٢. بەشی دووەم

### ٢. ١. پوختەیەکی کتێبی (کاراوانی شیعری نوێی کوردی)ی کاکەی فەللاح

کتێبی (کاروانی شیعری نوێی کوردی)ی (کاکەی فەللاح)، کە لە ساڵی (١٩٧٨)دا بڵاوکراوەتەوە، هەوڵێکی مێژونوسیی ڕەوت و قۆناغێکی پەرەسەندن و نوێکردنەوەی شیعری کوردیی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمە، لە شاعیرانی ناوچەی سلێمانی و تێیدا (نۆ) شاعیری نوێگەر و جێدەستدیاری نوێکردنەوەی شیعری کوردیی ناوچەی سلێمانیی باسکردووە و سودێکی زۆری لە ڕەخنەی ئەدەبی بۆ بە ئەنجامگەیاندنی کارەکەی وەرگرتووە. کتێبی (کاروانی شیعری نوێی کوردی)ی (کاکەی فەللاح) وەک ناونیشانی بواری کتێبەکە، هیچ ناونیشانێکی بۆ دیارینەکراوە، جگە لەوەی لە پێشەکیدا دەڵێ: ((ئەوەی دەمەوێ لە ئاوێنەی ئەم پێشەکییەدا دەری بخەم ئەوەیە کە تا ئێستا هیچ نەبێ لە دووتوێی کتێبێکدا. بە چینێکی ورد ورد  وهێمن  و بابەتیانە، دەربارەی سەرەتای شیعری نوێی کوردستان و بار و گۆڕین و چۆنیەتیی پێشکەوتنی هەڵگێڕ و داگێڕی ڕێگەی داهێنان و ناوەڕۆک شێوە و شێواز و هەوێن و وێنە و ڕواڵەتە هونەری و واتاییەکانی شیعری ئەم سەردەمەی کورد لە کوردستانی عێراق دا لە دوو چارەگە چەرخی ئەم دواییەی سەدەی بیستەم بەملاوە. شتێکی ئەوتۆ ناکەوێتە بەرچاو کە مایەی دڵنیایی و متمانە و پشتبەستن بێت و تا ڕادەیەکی نزیک لە ڕاستی و دروستی. ئەو قوتابخانە و ڕێباز و تەوژم و شەپۆلە شیعرییانە دەستنیشان بکات و کەمێک ئەم تەمومژ و هەور و هاڵاوی پاشاگەردانی و بەهەڵەداچوون و دانپانەنان و خۆبردنە پێشەوە و بێبایەخی و خۆنەناسین و ئەو ئاژاوەیەی لە دنیای شیعری کوردیدا هەیە بڕەوێتەوە و هیچ نەبێت تۆزێک بەپێی خۆمان ببینین و بە وردی و بێلایەنی و بە ویژدانەوە لە بەرهەمی یەکتر بگەین و بچێژین و بکۆڵینەوە)). (کاکەی فەللاح، ١٩٧٨: ٥) دەبینین ئاماژە بۆ چەند شتێک دەکات (دەربارەی سەرەتای شیعری نوێ)، لە بارگۆڕین و چۆنێتی پێشکەوتن و هەڵگێڕ و داگێڕی ڕێگای داهێنان...)، لە دوو چارەگە چەرخی ئەم دواییەی سەدەی بیستەم)، (قوتابخانە و ڕێباز و تەوژم)، ئەمانە ئاماژەن بۆئەوەی بیەوێت شیعری شاعیرانی نوێی کوردی بخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

دواتر هەر لە پێشەکییەکەدا دەڵێ: ((مەسەلەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی و کاروانی شیعری نوێی کوردیمان کە لە (گۆران)ـەوە دەست پێدەکات تا ئەمڕۆ لەسەر نزیکەی بیست شاعیرێک بنوسم)) (کاکەی فەللاح، ١٩٧٨: ٨ ـ ٩)، ڕوونە لەم کتێبەدا نوسەر دەیەوێت باسی ژیان و بەرهەمی شیعری شاعیرانی نوێی کوردی بنوسێت. ئەم کارەش کارێکی مێژوی شیعرییە و سەردەمەکەش دیارە سەردەمی نوێکردنەوەی شیعری کوردییە لە سەرەتاکانی سەدەی بیست بەدواوە. دواتر دەڵێ: ((پاش و پێشکردنی ناوەکانیش بەپێی تەمەن، بەتایبەتی سەرەتای دەستپێکردنی تەمەنی شاعیر دانراوە و هیچ پەیوەندییەکی دوورونزیکی بە پلە و ڕادەی هونەری شیعر و ناوبانگی ئەدەبییەوە نیە)) (کاکەی فەللاح، ١٩٧٨: ٨)، باشتر ڕۆدەچێتە نێو چۆنیەتیی نوسینەوەی مێژوی شیعری نوێی کوردی و بەپێی ساڵی لەدایکبون شاعیرەکان ڕیزدەکات. لەسەر بەرگی کتێبەکە نوسراوە (بەرگی یەکەم) لەم کتێبەدا، هەر وایکردووە بەپێی ساڵی لەدایکبون شاعیرانی ڕیزکردون. بەم شێوەیە:

١. گۆران: ١٩٠٤

٢. بەختیار زێوەر: ١٩١٨

٣. دڵدار: ١٩١٨

٤. مەدهۆش: ١٩١٩

٥. هەردی: ١٩٢٢

٦. ع. ح. ب: ١٩٢٣

٧. کاکەی فەلاح: ١٩٢٨ [2]

[2] . **یەکەم:** نوسەر خۆی وەک شاعیر هەڵبژاردووە و قسە لەسەر دەقەکانی خۆی دەکات. کاکەی فەللاح دەشڵێ: نوسەر یان شاعیر لەسەر خۆی شت بنووسێ ئاسان نییە و خۆش نییە. (کاکەی فەللاح، ١٩٧٨: ١٨٧). دووەم: خۆی لە (١٩٢٨) لەدایکبووە، و (دیلان ١٩٢٧) لەدایکبووە، کە دەبوایە دیلان لەپێش کاکەی فەللاح لە ڕیزبەندییەکەدا بووایە، وەک خۆی لە پێشەکییەکەدا دەڵێ ساڵی لەدایکبون گراوەتە پێوەری ڕیزبەندی شاعیران.

Original Article| **DOI :**https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp1-12

٨. دیلان: ١٩٢٧
٩.کامەران موکری: ١٩٢٩

بەڵام ئەم کتێبە درێژەی بۆ بەرگی دووەم نەبووە و هەر یەک بەرگی هەیە، کە نیازی وابووە لە بەرگی دووەمدا چەند شاعیرێکی دوای شاعیرانی بەرگی یەکەم و پێش ڕوانگە و دوای بانگەوازی ڕوانگە باس بکات. ((دەمەوێ لە بەرگی دووەمی ئەم کتێبەدا باسی قۆناخی پێش (ڕوانگە) و دوای بانگەوازەکەی بکەوم لەگەڵ بەرهەمی چەند شاعیرێکی لاوی هەڵبژاردە)) (کاکەی فەللاح، ١٩٧٨: ١٢)، بەڵام ئەمە نەهاتووەتە دی جا بە هەر هۆکارێکەوە بێت.

ئەگەرچی پێشتر ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کراوە و وەک کتێبێکی ڕەخنەیی مامەڵەی لەگەڵ کراوە، کە (ڕێبین خلیل قادر) توێژینەوەیەکی لە ژێر ناونیشانی (میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی لە کتێبی (کاروانی شیعری نوێی کوردی)ی (کاکەی فەللاح)دا نوسیوە. لێکۆڵەر مامەڵەی کتێبێکی ڕەخنەیی لەگەڵدا کردووە. لە ڕاستیدا ئەم کتێبە زۆرتر وەک کەرەستەیەکی مێژوویی نەک ڕەخنەیی دەردەکەوێت، چونکە:

- نوسەر قۆناغێکی هەستیاری شیعری کوردی (سەرەتای سەدەی بیست) دەخاتەڕو.
- لە نێو قۆناغەکەدا باسی ژیان و بەشێک لە بەرهەمەکانی نۆ شاعیر دەکات.
- لە کتێبەکەدا تەنیا شاعیرانی یەک ناوچە (سلێمانی)ی وەرگرتووە.
- جیاوازیی قۆناغەکەی بەراورد بە قۆناغی پێشو، لە ڕوی تایبەتمەندیی نوێگەرییە ناوەرۆکی و ڕوخسارییەکانەوە دەرخستووە.
- واتای شیعرەکانی پەیوەست بە قۆناغە شیعرییەکە کردووەتەوە.

هەمو ئەم هۆکارە سەرەکییانە پاڵپشتییەکی بەهێزی ئەوە دەکەن، ئەم کتێبە زیاتر وەک کەرەستەیەکی مێژوویی نەک کەرەستەیەکی ڕەخنەیی چاوی لێ بکرێت.

### ٢. ٢. ڕەخنەی ئەدەبی لەنێو (کاروانی شیعری نوێی کوردی)ی کاکەی فەللاحدا

لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا وێکچون و لێکجیاوازی و پەیوەندیی نێوان ڕەخنەی ئەدەبی و مێژووی ئەدەبیمان خستەڕو، ڕەخنەی ئەدەبی و مێژووی ئەدەب و تیۆریی ئەدەبی، وەک سێ لقی سەرەکیی ئەدەبیاتناسی، لێکنزیکایەتییەکی زۆریان لەگەڵ یەکتریدا هەیە. هەر بۆ نمونە ڕەخنەی ئەدەبی مژوڵی شیکردنەوە و لێکدانەوە و دەرخستنی ئاستی دەقی ئەدەبییە و خەریکی پیشاندانی بەهای دەقی ئەدەبییە بۆ خوێنەر، ئەم کارەش بۆ مێژونوسی ئەدەبی زۆر بەکەڵکە، کە خودی ئەم دەقانەی ڕەخنەگران لەسەری دواون و ئاستی دەقەکان و شاعیرانیان بەدیارخستووە، دەبێتەوە کەرەستەی ساغبوونەوەی مێژوی ئەدەب، تاکو مێژوی ئەدەب لە هەڵبژاردنی ئەو دەقانەی دەیانخاتە نێو مێژووەکەی لە ڕێگەی ئەم خوێندنەوە ڕەخنەییانە بە فلتەردا ڕۆیشتبن، هەم لە رووی ئاست و سەردەم و ساغکراوەییەوە.

بە وردبوونەوە لەو پێشەکییە دەردەکەوێت کتێبی (کاروانی شیعری نوێی کوردی) (مێژوی شیعری نوێی ناوچەی سلێمانییە)، کە لە تەوەرەکانی دواتردا ئەمە باشتر روون دەبێتەوە.

کاتێک سەیری مێژونوسی ئەدەبی کوردی دەکەین ((رووبەڕووی چەندین کێشەی میتۆدۆلۆژیک دەبنەوە کە گرنگترینیان نەبوونی ئولگوویەکە بۆ دابەشکاری و پۆلێنکاری قۆناغ و نەریت و بەرهەمە ئەدەبییەکان)) (سەجادی، ٢٠١٠، ٢٥٦)، بەڵام کاکەی فەللاح لە نوسینەوەی ئەم ڕەوتە نوێگەرەی شاعیرانی ناوچەی سلێمانی دا ڕێگەیەکی سەرکەوتووانەی هەڵبژاردووە و ڕونە ((ئەوەی مانا دەدات بە مێژوو، گۆڕانی مرۆڤ و داهێنانەکانیەتی بە درێژایی و بە بەردەوامی. واتە کاتێک باسی مێژوو دێتە کایەوە، کە باوەڕمان بەوە هێنابێ ئەوەی بە پەنجا ساڵ لەمەوبەر هەبووە ئێستا بە جۆرێکی دیکە دەردەکەوێت و ڕەنگ و بۆیەکی تایبەت بە خۆی هەیە. واتە ڕەوتێکی تەکامولی پێوابێ)) (عەبدولغەفوور، ٢٠١٣: ٢٥٦)، بۆیە دەڵێین کاکەی فەللاح ڕێگەیەکی سەرکەوتوی تاقیکردووەتەوە لە هەڵبژاردنی نوسینی مێژوی ڕەوت و ناوچەیەکی شیعری نوێ و قۆناغێک دیاریدەکات ئەویش قۆناغی شیعری نوێی کوردیی شاعیرانی سلێمانیێن و زانیاری لەسەر مێژوی ژیانی شاعیرەکان دەخاتە ڕو، دواتریش بەپێی توانای خۆی لە هەندێ لە بەرهەمەکانیان دەکۆڵێتەوە و دواتریش دەربارەی مەبەستە شیعرییەکانیان و بەستنەوەیان بە ڕەوتی نوێکردنەوەی شیعرەوە. هەندێکجاریش خۆی لە قسەکردن لە باسکردنی هەندێ هونەری ڕەوانبێژیی دەقە وەرگیراوەکان داوە. ئەوەی جێی سەرنجە، (نۆ) شاعیری سەرەتای سەدەی بیست و ناوچەی سلێمانیی وەرگرتووە، چەند شاعیرێکی هاوسەردەمی ئەمانی سلێمانیی فەرامۆشکردون و لە کتێبەکەدا جێی نەکردونەوە، کە ڕۆڵیان لە نوێکردنەوەی شیعردا هەبووە. لە بنەڕەتدا هەڵبژاردنی چەند شاعیرێک و فەرامۆشکردنی چەند شاعیرێکی دیکە کارێکی ڕەخنەییە، چونکە ئەوە ڕەخنەیە دەرگای بە هاتنەژورەوەی چەند شاعیرێک کردووەتەوە تا بێنە نێو کاروانەکە و دەرگاشی بە ڕوی هاتنەژورەوەی چەند شاعیرێکی هاوسەردەم و هاوبیر و نوێکردنەوەی شیعری کوردی و ناوچەی سلێمانی داخستووە. کەواتە کاکەی فەللاح لەبەردەم هەڵبژاردنی چەند شاعیرێک بۆ نێو کاروانی شیعری نوێی کوردیدا بووە، کە لە ساتێکی تایبەتی لە کاروانی نوێکردنەوەی شیعری لە سەرەتای سەدەی بیست لە سلێمانی هەڵبژاردووە.

کەواتە ((یەکەمین هەنگاوی پرۆسەی ڕەخنەگری مێژوویی لە ئەدەبدا ئەوەیە کە چ کەسانێک جێ دەگرن لەم مێژوەدا)) (عەبدولغەفوور، ٢٠١٣: ٢٣٠). ئەم دیاردەیەش لەو مێژوانەدا دێتە ئاراوە کە خودی مێژونوس نایەوێت هەمو ئەدیبان وەربگرێت و دەچێتە بەردەم پرۆسەیەکی ڕەخنەیی ئەویش هەڵبژاردنی چەند شاعیرێکە بۆ نێو مێژوەکەی.

پێشتر باسمان لە لێکنزیکی نێوان مێژویی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەب کرد، وەک دو لقی سەرەکیی ئەدەبیاتناسی. بەجۆرێک لێکنزیکن هیچ یەکێک لەمانە بەبێ بەکارهێنانی ئەوی دیکە کارەکەی بەباشی ناچێتە پێشەوە، بەڵام ئەگەر وردتر سەیری کار و ئامانجی مێژوی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی بکەین، سەبارەت بە گۆڕانی ئەدەبیات (لە کۆن بۆ نوێ)، کە خودی کاکەی فەللاح لە کاروانی شیعری نوێی کوردیدا بە کات سەرەتاکانی سەدەی بیست تا گروپی ڕوانگە باس دەکات و چەند شاعیرێکی ڕەوتی نوێکردنەوەی شیعری کوردی سلێمانی وەک (ڕەوت و ناوچە) دیاریکردووە و باسکردووە. کاری ڕەخنەی ئەدەبیش لە کارێکی وەهادا بریتی دەبێت لە دیاریکردنی بەرهەمی شاعیرێک بۆ دیاریکردنی وەک ڕابەرێکی نوێکردنەوەی شیعری کوردی و بەتایبەتی ناوچەی سلێمانی و ئیدی لە ڕوانگەی شیعری ئەم شاعیرەوە باسی نوێگەری و ڕابەری شیعری نوێی کوردیی سەرەتاکانی سەدەی بیستی سلێمانی دەکات. بەڵام ئەگەر مێژونوسی ئەدەب ئەم کارە بکات، ئەوەندەی دەیەوێ قۆناغەکە دیاری بکات، هێندە نایەوێ باسی شاعیرەکە بکات، کە خودی کاکەی فەللاح لە کتێبی کاروانی شیعری نوێی کوردیدا بەهۆی باسکردنی نۆ شاعیر لە شاعیرە نوێگەرەکانی قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری کوردی و بەتایبەت سلێمانی، دەیەوێت قۆناغێکی مێژوی ئەدەب بەدیاربخات، هێندە نایەوێت کارێکی ڕەخنەیی بکات. لێکجیاکردنەوەی کاری ڕەخنەی ئەدەبی و مێژوی ئەدەب، هەر یەکێکیان لە پرۆسەی کارکردنی خۆیاندا

ناتوانن بێ گەڕانەوە و بەکارهێنانی کاری ڕەخنەیی کارەکەیان مەیسەر نابێت. دەبینین کاکەی فەللاح دەیەوێت باسی قۆناغێکی نوێی شیعری کوردی و گۆڕان لە کۆن بۆ نوێی شیعری ناوچەی سلێمانی دەکات، وەک خۆی لە پێشەکییەکەدا دەڵێ: ((چەپکێک لاوی هونەرمەند و بەهرەدار بە توانا، بەپێی یاسای گۆڕین و سروشی ژیان و دروستبوون و درێژەپێدان و داهێنان، سەریان لە ئاسۆی ڕووناکی شیعر و ئەدەبیاتی کوردییەوە دەرهێنا و هاتنە کایەوە، ڕێگای کاروانەکەیان گرتەبەر و خۆیان لە ئاگری سووری ژان و پێچ و ئازار و خولیاکەدا دی و بەپێی پلەی بەهرە و ڕادەی تێگەیشتن و خەریکبوون و خۆماندووکردن و تاقیکردنەوە بە گەرمی هەرازی هونەری شیعر و ئەرکی داهێنان و بەردەوامی دانانی بەرهەمیان گرتەبەر و هاتن ... هاتن)) (کاکەی فەللاح، ١٩٧٨: ١٠-١١). نوسەر ڕەوتێکی نوێکردنەوەی شیعر لە ڕێگەی چەند شاعیرێکەوە باس دەکات و تەنانەت کێشمەکێشمی نێوان (کۆن و نوێ)ش دەخاتەڕو ((بە گەشانەوەی ئەم گوڵ خونچانە مەسەلەی ناکۆکی نێوان (کۆن و نوێ) هاتە پێشەوە)) (کاکەی فەللاح، ١٩٧٨: ١١).

ئاماژەمان بەوەی نوسەر لەسەر کتێبەکە هیچی سەبارەت بە کتێبەکەی نەگوتووە ئایا کارێکی ڕەخنەییە یان مێژوویی، و لە ئاکامی لێکنزیکی نێوان ڕەخنەی ئەدەبی و مێژووی ئەدەب هەندێکجار کتێبی کاروانی شیعری نوێی کوردی وەک کتێبێکی ڕەخنەی ئەدەبی هەژمارکراوە ((کاروانی شیعری نوێی کوردیی کاکەی فەلاح بە سوود وەرگرتن لە بنەما ڕەخنەییەکانی میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی توانیویەتی لە زۆر لایەنی ژیانی ئەو شاعیرانەی کە کتێبەکەی هەڵبژاردوون و هەروەها دەقە شیعرییەکانیشیان بکۆڵێتەوە)) (قادر، ٢٠١٧: ١٦٢). ئەم لێکنزیکییەی ڕەخنەی ئەدەبی و مێژووی ئەدەب هۆکاری ئەم جۆرە ناساندنانەن و هۆکاری ئەوەیشە لە نوسینەوەی مێژووی ئەدەبدا، مێژونوس دەچێتە تخوب و شوێنی ڕەخنەگرەوە، کە خودی کاکەی فەللاحیش لە نوسینی کاروانی شیعری نوێی کوردیدا هەمان دیاردەی تێدا دەبینرێت و زۆرجار لەکاتی قسەکردن لەسەر دەقەکان و بەستنەوەیان بە سەردەمە نوێگەرەکە و هونەرە ڕەوانبێژییەکان و مەبەستە شیعرییەکانیان چووەتە شوێنی ڕەخنەگرەوە، کە دواتر لێی دەدوێین.

### ٢. ٣. ناچاریی ڕوانینی ڕەخنەیی لە نوسینەوەی مێژووی ئەدەبدا

وەک ئاماژەمان پێکرد، مێژونوسی ئەدەب بەبێ پشتبەستن و بەکارهێنانی ڕەخنەی ئەدەبی ناتوانێت مێژوویەکی ئەدەبی بەشێوەیەکی زانستی بنوسێتەوە. چونکە ئەگەر مێژونوس پشت بە ڕەخنەی ئەدەبی نەبەستێت لەکاتی نوسینی مێژووی ئەدەبیدا، ئەوا تەنیا دەبێ وەک کۆرنۆلۆژیایەک ناو و ساڵی لەدایکبون و مردنی شاعیران تۆمار بکات. ئەمەش ناچێتە خزمەتی مێژووی ئەدەبی هیچ ئەدەبێک. خوێنەری مێژووی ئەدەب ناسینی ئەدیب و ئەدەبیات و قۆناغ و ڕەوت و بابەتە ئەدەبییەکان لە مێژووی ئەدەب چاوەڕێ دەکات. مێژونوسیش بۆئەوەی چاوەڕوانی ئەوانی دیکە بهێنێتە دی، بە ناچاری و وەک پێویستییەکی نوسینی مێژوویەکی ئەدەبی لەسەر بنەمای زانستی، پەنا دەباتەبەر بەکارهێنانی دیدە ڕەخنەییەکانی بۆ باشتر ناساندنی بەرهەمی شاعیرانی نێو مێژووەکەی.

هەوڵدەدەین لە کتێبی کاروانی شیعری نوێی کوردیدا سەرنج بخەینە سەر چەند لایەنێکی کاری ڕەخنەیی، کە نوسەر لە ناچاری و پێویستییەوە پەنای بۆ بردووە، ئەمەش زیاتر بۆ بەدیهێنانی نوسینێکی مێژوویی باوەڕپێکراو لە سەردەم و قۆناغ و ناوچەیەکی دیاریکراو و لەمەڕ نوێکردنەوەی شیعری کوردی بووە. ئەمەش زیاتر بۆ دەرخستنی مەبەستە شیعرییەکانی ئەو شاعیرانەیە، کە لە ڕەوتەکەدا باسیکردون و بەستنەوەیان بە نوێگەرەییەوە.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەو شاعیرانەی ڕۆڵیان لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا لە سەرەتاکانی سەدەی بیست بەدواوە هەبووە و شاعیرەکانیش هەڵبژاردەی نێو شاعیرانی سلێمانین و باسکردنیان لە کتێبەکەیدا، خۆی لەخۆیدا کارێکی ڕەخنەییە و ڕیزکردنیشیان لەسەر بنەمای ساڵی لەدایکبون و لە پێش هەموشیانەوە (عەبدوڵا گۆران) و ناساندنی وەک ڕابەری شیعری نوێی کوردی ((ئەوەی کە بەلای منەوە بەردی بنچینەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی دانا و لە مەڵبەندی تێگەیشتن و قوڵی خوێندنەوە و زانینەوە کەوتە داهێنان و بەرهەمی نوێ (گۆران) پێشەوا و بلیمەت بوو کە سایە و سێبەری کارتێکردن و بەردەوامی لەسەر دنیای شیعری کوردی هەر ماوە و هەر هەیە)) (کاکەی فەللاح، ١٩٧٨: ١٠)، خۆی لەخۆیدا کارێکی ڕەخنەییە و ئەوە ڕەخنەیە بەرچاوڕونی بۆ بڕیاردانی لەم جۆرەی پێدەدات و ئەم کارە ڕەخنەییەش لە ئەنجامی وردخوێندنەوەی شاعیرانی ڕەوتی نوێکردنەوەیە و بێگومان وەک زۆربەی لێکۆڵەرانیش لەم بارەیەوە گۆران بە سەرمەشقی نوێکردنەوەی شیعری کوردی دادەنێن.

هەروەها بەستنەوەی بارودۆخە ناڵەبارەکەی ناوەڕاستی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لە کوردستان و بەستنەوەی بە حاڵەتی نوێگەریی شیعری کوردی، بەتایبەتی نوێکردنەوەی ناوەڕۆک و لایەنێکی دیکەی پێویستیی بەکارهێنانی کاری ڕەخنەی ئەدەبییە بە دەقی ئەدەبی و ناوەڕۆکی شیعری ئەو سەردەمەیە، ئەمەش زیاتر بۆ ڕونکردنەوەی هۆکارەکانی نوێکردنەوەی شیعرە لەو سەردەمەدا، کە چۆن بارودۆخ لە ناوەڕۆکی شیعری ئەو شاعیرانەدا ڕەنگیداوەتەوە ((پشێوی وڵات و قات و قڕی گرانی و پاشەڵەقەی شەڕی یەکەمی جیهان و داگیرکەران و ئاوارەبوونی بە شاخەکانی هەورامانەوە، تێکڕا هەموو ئەمانە دەبن بە هەوێنی مەیاندنی ئەو خەمە قووڵە لە ناخ و دەروونی شاعیردا. ژانی ئەو نوسینە جۆرە سۆز و پەرۆشێکی سەیری بۆ دەرفەتی لاوی و تینوێتی خوێندن و پێشکەوتن و خۆشەویستی نیشتمان تیا دەدرەوشێتەوە دەتوانم بڵێم شەقڵی ئەو خەم و ژانە بە زۆر بەرهەم و لاپەڕەکانی داستانی ژیانی ئەم شاعیرەمانەوە دیارە)) (کاکەی فەللاح، ١٩٧٨: ١٧-١٨). دەربڕینی بیروبۆچونێکی تایبەتی نوسەر لەسەر ئەم پرسە، دەربڕینێکی ڕەخنەییە و دەچێتە خزمەتی ڕونکردنەوەی هۆکارەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لەم سەردەمەدا. پشتبەستن بەم بەڵگە باوەڕپێکراوانە لەلایەن خودی مێژونوسەوە بۆ بەدیهێنانی مێژوویەکی باوەڕپێکراو ئاساییە بۆ مێژونوس ئەم جۆرە بەڵگانە بۆ هەردو نوسەری ڕەخنەی ئەدەبی و مێژونوسی ئەدەبی هاوبەشە و بە ڕەهایی سنوری هیچ یەکێکیان نییە.

لەلایەکی دیکەوە کاکەی فەللاح هەوڵیداوە مەبەستە شیعرییەکانی شاعیرەکان باس بکات، هەر بۆ نمونە بۆ شیعرەکانی (گۆران)ی بۆ سەر (نۆ) مەبەستە شیعر دابەشکردووە، هەروەها بۆ (ع. ح. ب) ئەو مەبەستە شیعرییانەی بە نمونەی شیعرییەوە خستووەتەڕو (دڵداری، کێشەی ژنان، کێشەی کۆمەڵایەتی و هەژاری، هەستی نەتەوایەتی). دواتریش بەپێی توانای خۆی لە ڕێگەی تێگەیشتن لە دەقەکانەوە هەوڵیداوە هەندێ بیروڕای خۆی لەسەر ناوەڕۆکی شیعرەکان و بەستنەوەیان بە قۆناغی ئەدەبیی نوێوە بخاتەڕو. نوسەر کەمتر بە پشتبەستن بە زانستی ڕەوانبێژی ئاوڕی لە بابەتی هونەرە ڕەوانبێژییەکان داوەتەوە و زیاتر گرنگی بە لێکدانەوەی مانای شیعرەکان داوە ئەویش بەو شێوەیەی کە خۆی لە خودی دەقەکانەوە لێی تێگەیشتووە و لە ڕێگەی میتۆدی ڕەخنەیی پەنای بۆ لێکدانەوەی

Original Article| DOI :https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp1-12

ده‌قه‌كان نه‌بردووه. ئه‌گه‌رچی له‌ مێژونوسی ئه‌ده‌بیدا شاعیر زۆر خۆی به‌ لێكدانه‌وه‌ی شیعره‌كانه‌وه‌ سه‌رقاڵ نه‌كات و گرنگه‌ ئه‌م لێكدانه‌وه‌یه‌ش بخاته‌وه‌ خزمه‌تی ده‌رخستنی ڕه‌وته‌كه‌ (كه‌ كاكه‌ی فه‌للاح له‌و هه‌وڵه‌دابووه‌)، به‌ڵكو ((له‌ هێنانه‌وه‌ی نمونه‌ شیعرییه‌كاندا پێویسته‌ له‌ جیاتی بایه‌خدان به‌ شه‌رح و ماناكردنه‌وه‌یان گرنگی بدرێته‌ ئه‌و به‌رهه‌مانه‌ی كه‌ باشترین شێوه‌ مۆركی شێوازناسی و جۆری بیر و هزری ئه‌و شاعیره‌ ده‌رده‌خه‌ن)). (سه‌جادی، ٢٠١٠: ٢٥٥) نوسه‌ر له‌ وه‌رگرتنی نمونه‌ شیعرییه‌كاندا به‌ ده‌وروخولی شه‌رح و لێكدانه‌وه‌ی ماناكانی ده‌قه‌كه‌دا گه‌ڕاوه‌. به‌تایبه‌تی له‌ باسكردنی (ئه‌حمه‌د هه‌ردی)دا ئه‌مه‌ی زۆر پێوه‌دیاره‌. هه‌ر بۆ نمونه‌ بۆ ماناكردنه‌وه‌ی شیعری (ڕازی ته‌نیایی) چوار لاپه‌ڕه‌ مژوڵی شه‌رح و ماناكردنه‌وه‌ی سێ كۆپله‌ شیعر بووه‌. (بڕوانه: كاكه‌ی فه‌للاح، ١٩٧٨: ١٤٧ـ١٥٢).

لایه‌نێكی دیكه‌ی كه‌ به‌ قازانجی كتێبه‌كه‌ی وه‌ك مێژوی شیعر شكاوه‌ته‌وه‌، ئه‌وه‌یه‌ له‌ كۆتاییی كتێبه‌كه‌دا به‌ چه‌ند لاپه‌ڕه‌یه‌ك له‌ژێر ناونیشانی (ده‌رباره‌ی ئه‌ده‌بی كوردی) ڕوماڵێكی خێرای مێژوی ئه‌ده‌بی كوردی ده‌كات و مێژوی ئه‌ده‌بی به‌ڵگه‌مه‌ند بۆ (عه‌لی ته‌ره‌مۆكی) ده‌گێڕێته‌وه‌، له‌ سه‌ده‌ی ده‌یه‌می زایینی. ئینجا (باباتاهیر و ئه‌حمه‌دی خانی و مه‌لای جزیری و دواتریش خانای قوبادی و ئینجا شاعیرانی بابان و له‌ كۆتاییه‌كه‌شدا شاعیرانی نوێی كوردی). ئینجا ئاماژه‌ بۆ ڕه‌خنه‌ی ئه‌ده‌بیی كوردی ده‌كات و ناوی (شیعر و ئه‌ده‌بیاتی كوردیی ڕه‌فیق حیلمی) و (مێژوی ئه‌ده‌بی كوردیی عه‌لائه‌دین سه‌جادی) ده‌هێنێت و به‌ دو كتێبی زۆر باش وه‌سفیان ده‌كات.

كۆی ئه‌و ده‌ستبردنه‌ بۆ ڕه‌خنه‌ی ئه‌ده‌بی له‌لایه‌ن كاكه‌ی فه‌لاحه‌وه‌، بۆ نوسینی كتێبه‌كه‌ی و هه‌ڵبژاردنی شاعیره‌كان وه‌ك ڕه‌وتێكی نوێگه‌ر و ڕیزبه‌ندكردنیان و قسه‌كردن له‌سه‌ر مه‌به‌سته‌ شیعرییه‌كان و به‌ستنه‌وه‌یان به‌ هاتنه‌ئارای ئه‌ده‌بی نوێ و باسكردنی هه‌ندێ لایه‌نی ناوه‌ڕۆك و مه‌به‌سته‌ شیعرییه‌كان، به‌ حاڵه‌تێكی ئاسایی بۆ نوسینه‌وه‌ی مێژوی ئه‌ده‌ب سه‌یرده‌كرێت، تا ئه‌و شوێنه‌ی به‌ پشتبه‌ستن و به‌كارهێنانی میتۆد و بنه‌ماكانی ڕه‌خنه‌ی ئه‌ده‌بی كاری كردووه‌.

### ٤.٢. پێویستنه‌بونی بۆچونی ڕه‌خنه‌یی له‌ نوسینه‌وه‌ی مێژوی ئه‌ده‌بدا

كاكه‌ی فه‌للاح، بۆ ڕونكردنه‌وه‌ی مه‌به‌سته‌ شیعرییه‌كان به‌ شێوه‌یه‌كی به‌رچاو و هه‌ندێكجار ڕونكردنه‌وه‌ی بۆ ڕوخسار و ناوه‌ڕۆكی شیعره‌كان، كاری ڕه‌خنه‌ی ئه‌ده‌بی ئه‌نجامداوه‌. به‌شێك له‌و وردبوونه‌وه‌ ڕه‌خنه‌ییانه‌ سنوری ئاساییی مێژونوسی ئه‌ده‌به‌ بۆ نوسینه‌وه‌ی مێژوی ئه‌ده‌ب، تا ئه‌و شوێنه‌ی زانیاری له‌سه‌ر میتۆد و تیۆری ڕه‌خنه‌یی نه‌ڕۆیشتوو پیاده‌ نه‌كات و ده‌ربڕینه‌ ڕه‌خنه‌ییه‌كانی په‌یوه‌ندییان به‌ پاشخانه‌ ڕه‌خنه‌ییه‌كانی خۆیه‌وه‌ هه‌بێت، به‌ڵام له‌ كوێ زانیاریی ورد له‌سه‌ر تیۆر ڕۆیشتوی ڕه‌خنه‌ی ئه‌ده‌بی ده‌ربڕی، یان هه‌ندێ زاراوه‌ و بابه‌تی ڕه‌خنه‌ی ئه‌ده‌بی ده‌ربڕی و به‌بێ لێكدانه‌وه‌یه‌كی ئه‌نجامدراو به‌جێی هێشت، ئه‌وا سنوری به‌كارهێنانی ڕه‌خنه‌ی ئه‌ده‌بی له‌ نوسینه‌وه‌ی مێژووه‌كه‌دا ده‌به‌زێنێ و به‌ قازانجی كاره‌كه‌ی كۆتایی نایه‌ت و نوسینه‌كه‌ی له‌ خانه‌ی (مێژوی ئه‌ده‌ب)ه‌وه‌ به‌ره‌و تخوبی (ڕه‌خنه‌ی ئه‌ده‌ب) ده‌ڕوات. ئه‌مه‌ له‌ كتێبی (كاروانی شیعری نوێی كوردی)ی كاكه‌ی فه‌للاح دا زۆر ده‌بینرێت.

لێره‌دا چه‌ند نمونه‌یه‌كی دیار له‌ (كاروانی شیعری نوێی كوردی) ده‌خه‌ینه‌ڕو، كه‌ ته‌واو كرده‌یه‌كی ڕه‌خنه‌ی ئه‌ده‌بین و كاری مێژوی ئه‌ده‌ب نین، بۆ نوسینه‌وه‌ی مێژوی شیعری كوردی ئه‌م دیارده‌یه‌ به‌ دیارده‌یه‌كی ناپێویست هه‌ژمار ده‌كرێت.

سه‌باره‌ت به‌ شیعرێكی (به‌ختیار زێوه‌ر) ده‌ڵێ: ((شاعیر به‌پێی پێ و دانی شیعری كلاسیكی زۆرتر به‌دوای سه‌نعه‌تی له‌فظدا گه‌ڕاوه‌ و هه‌مان وشه‌ و لێ چوونه‌ به‌كارهاتووه‌كانی ده‌رخواردی به‌هره‌ی شیعری داوه‌: له‌ نێوان خامه‌ و خامه‌ی دووه‌مدا جیناسێكی ته‌واو و له‌ نێوان هه‌زار و هوزاردا ـ بلبل ـ و دولبه‌ردا هه‌ر جیناسی هه‌یه‌)) (كاكه‌ی فه‌للاح، ١٩٧٨: ٨٤). ده‌بینین نوسه‌ر زۆر به‌ وردی له‌ هه‌ندێك هونه‌ری ڕه‌وانبێژی و پێوه‌ری شیعری كلاسیك، سه‌باره‌ت به‌ زمانی شیعری ده‌دوێت. ئه‌م وردبوونه‌وه‌یه‌ پاڵپشتی تیۆریی دیكه‌ی ڕه‌خنه‌ی له‌پشته‌، بۆیه‌ ته‌واو له‌م ده‌ربڕینه‌دا چووه‌ته‌ شوێنی ڕه‌خنه‌گر.

كاكه‌ی فه‌للاح له‌ چه‌ند شوێنێك زۆر به‌ وردی باسی كێش و بڕگه‌ی شیعری شاعیره‌كان ده‌كات، به‌ جۆرێك زۆر به‌ وردی ژماره‌ی بڕگه‌ و جۆری كێشه‌كان دیاریده‌كات. له‌ باسكردنی (دیلان)دا به‌ سێ لاپه‌ڕه‌ به‌ وردی ده‌په‌رژێته‌ سه‌ر باسكردنی كێش و مۆسیقا و بڕگه‌ ((له‌ ڕووی كێش و مۆسیقا و ئاوازه‌ی نێو شیعره‌كانه‌وه‌، دیلان هه‌م له‌به‌رئه‌وه‌ی شاعیرێكی سه‌لیقه‌دار و به‌هره‌دار و خاوه‌ن تاقیكردنه‌وه‌ی هه‌مه‌چه‌شنه‌ی خودیی، هه‌میشه‌ له‌سه‌ر كێشی په‌نجه‌ی خۆماڵی شیعری چنیوه‌ و چه‌شنه‌ زه‌مزه‌مه‌ و ئاهه‌نگ و ئاوازێكی سوار و فێنكی پێ به‌خشیون و له‌م باره‌شه‌وه‌ توانیویه‌تی تابلۆی هه‌ست و تاقیكردنه‌وه‌كان وه‌ك په‌لكه‌زێڕینه‌ بڕازێنێته‌وه‌ ... بۆیه‌ ده‌بینین به‌ حسابی په‌نجه‌ ٤، ٦، ٨، ١٠، ١١، ١٢، ١٤ بڕگه‌یی ئه‌م كێشانه‌ هه‌موویان هه‌ن و له‌ شیعره‌كاندا به‌ سه‌ركراوه‌نه‌ته‌وه‌ و بایه‌خی خۆیان پێدراوه‌)) (كاكه‌ی فه‌للاح، ١٩٧٨: 219 ـ ٢٢٠). هه‌ر سه‌باره‌ت به‌ كێش وردترده‌بێته‌وه‌ و سه‌باره‌ت به‌ نمونه‌یه‌كی دیكه‌ی شیعری (دیلان) ده‌ڵێ: ((دێری یه‌كه‌میان به‌ حسابی په‌نجه‌ ٩ بڕگه‌یه‌ و دووه‌میان هه‌شته‌، ئه‌و یه‌كه‌ زیاده‌یه‌، له‌ ڕووی مۆسیقا و ئاوازه‌وه‌، ئاڵۆز و شێوان و نووچێكی وای دروست كردووه‌ كه‌ هاوكێش و مۆسیقا نییه‌ و جێی ڕه‌خنه‌یه‌)) (كاكه‌ی فه‌للاح، ١٩٧٨: ٢٢٠). وێڕای ده‌رخستنی كێش و مۆسیقا و ژماره‌ی بڕگه‌كان ده‌بینین وه‌ك ڕه‌خنه‌گرێك نمونه‌ی هێناوه‌ته‌وه‌ كه‌ له‌ ڕوی ژماره‌ی بڕگه‌وه‌ له‌نگه‌ و ڕه‌خنه‌ی لێده‌گرێت و له‌ لاپه‌ڕه‌كانی دواتریشدا چه‌ند نمونه‌یه‌كی هێناوه‌ته‌وه‌ و له‌ ڕوی كێش و ژماره‌ی بڕگه‌وه‌ شیكاری كردون. ئه‌م كاره‌ سنوری مێژونوسی نییه‌ و كارێكی وردی ڕه‌خنه‌ی شێوازگه‌رییه‌، به‌ڵام نوسه‌ر ڕوی له‌م بابه‌تانه‌ش كردووه‌ و ئه‌م كارانه‌شی ده‌چنه‌ خزمه‌تی ڕه‌خنه‌وه‌ نه‌ك مێژو.

له‌ ڕوی ڕێبازه‌ ئه‌ده‌بییه‌كانیشه‌وه‌ زۆر هه‌وڵیداوه‌ شاعیره‌كان و ڕه‌وتی شیعریی شاعیره‌كان به‌پێی ڕێبازه‌كان باس بكات. هه‌وڵی ئه‌وه‌شی داوه‌ سه‌ره‌تا بۆ هه‌ر شاعیرێك نمونه‌ی شیعری سه‌ر به‌ ڕێبازی كۆن (كلاسیك) بهێنێته‌وه‌ و دواتر ڕێبازه‌كانی دیكه‌. واته‌ ویستویه‌تی په‌ره‌سه‌ندن و گۆڕان له‌ كۆن به‌ره‌و تازه‌ ده‌ربخات. سه‌باره‌ت به‌ (گۆران) به‌ وردییه‌وه‌ ئه‌مه‌ی ئه‌نجامداوه‌ و دوای وه‌رگرتنی نمونه‌ی سه‌ر به‌ كێشی عه‌ڕوز و قسه‌له‌سه‌ركردن (بڕوانه: كاروانی شیعری نوێی كوردی، ل. ١٨ ـ ١٩) دێته‌ سه‌ر گۆڕان له‌ ناوه‌ڕۆكی شیعره‌كانی و ده‌ڵێ ((وه‌ك ئاشكرایه‌ ئه‌ده‌بی ڕۆمانتیكی ئینگلیزی كارێكی ته‌واوی كردۆته‌ سه‌ر به‌هره‌ و به‌رهه‌می ئه‌م شاعیره‌مان و گیرۆده‌ی ئه‌و ئه‌ده‌به‌ بووه‌. به‌م ڕه‌نگه‌ ده‌بینین (گۆران) قوتابخانه‌ی ڕۆمانتیكی له‌ شیعردا بنیات ناو ڕۆژ به‌ڕۆژ به‌رز و به‌رزتری كرده‌وه‌ تا ورده‌ ورده‌ و كه‌م تا بێشێ به‌رهه‌مه‌می ریالیزمی و ریالیزمی ڕه‌خنه‌گرانه‌ و شۆڕشگێرانه‌ و سۆشیالیزمی له‌ به‌رهه‌مه‌كانیدا سه‌ریان هه‌ڵدا)) (كاكه‌ی فه‌للاح، ١٩٧٨: ٥٤ـ٥٥). ئاماژه‌كردن به‌م فراژه‌ ڕێبازییه‌ی گۆران له‌ ناوه‌ڕۆكی شیعره‌كانیدا، زۆر ورده‌كارێكی ڕه‌خنه‌گرانه‌یه‌ و ورده‌كاریی فراژی شیعری گۆران پیشانده‌دات و زۆرتر ویستویه‌تی هۆكاره‌كانی گۆڕانكارییه‌ ناوه‌ڕۆكییه‌كان و زانیارییه‌كان له‌سه‌ر كرده‌یه‌كی ڕه‌خنه‌كارانه‌وه‌ تاوتوێ

بکات. بۆیە لە زۆر شوێندا هەست بە ڕۆڵگۆڕین لە مێژونوسییەوە بۆ ڕەخنەکار، دەبینرێن.

سەبارەت بە سەروا لای (دڵدار) بەم تەرزە دەدوێت: ((مەسەلەی یەکێتی قافیە بۆ شاعیرێکی تازە کۆرەی وەک ئەو سەردەمەی (دڵدار) لە زۆر لای هۆنراوەکەوە شاعیر ناچاربووە و وشەی سەیر و لێ چوونی دوور لە چێژی شاعیرانە و قافیەی بە هەڵە بەکاربهێنێ)) (کاکەی فەللاح، ١٩٧٨: ١٠٤). ئەم وردبوونەوەیەی نوسەر لە سەروا لای دڵدار و باسکردنی وەک هەڵە بەکارهێنان لە کتێبێک کە دەیەوێت ڕەوتی نوێگەری شیعری کوردی لە ناوچەیەک و سەروەختێک بەدیار بخات هەڵوێستەیەکی ڕەخنەیی وردە و مەیدانی کارکردنی بەرەو سنوری ڕەخنەی ئەدەبییەوە بردووە.

ئەمانە و چەندین نمونەی دیکەی لەم کتێبەدا هەن. ئەم بۆچونە ڕەخنەییانە و پێویستنەبونی بۆچونە ڕەخنەییەکانی کاکەی فەللاح لە نوسینەوەی قۆناغێکی مێژوی ئەدەبێن، چونکە ئەم جۆرە بۆچونە ڕەخنەییانە نەچونەتە خزمەتی ڕەوتی مێژوی پەرەسەندن و گۆڕین و چۆنیەتیی گۆڕانی ئەدەبیات لەو سەردەمەدا لە قۆناغی کۆن بەرەو قۆناغێکی دیکەی تاقیکردنەوەی شیعری کوردی.

### ٢. ٥. هەڵسەنگاندنی بۆچونە ڕەخنەییەکانی مێژونوس

گشت مێژونوسێکی ئەدەب لە کاتی نوسینەوەی مێژوی ئەدەبدا، پێویستی بە دەربڕینی چەند بۆچونێکی ڕەخنەیی هەیە بۆ دەرخستنی لایەنە جیاجیا و جۆربەجۆرەکانی زیاتری ئەدەبیاتی ئەو قۆناغ و ڕەوت و زارەی ئەدیبان، کە لە مێژووەکەیدا باسیان دەکات. بێگومان خوێنەری مێژوی ئەدەب چاوەڕێی ناسینی ئەدەب و بەرهەمی ئەدیبان لە مێژوی ئەدەب دەکات. بۆیە مێژونوس بۆ بەدیهێنانی ئەو چاوەڕوانییەی خوێنەری مێژوەکەی و بۆ باشتر ناساندنی ئەدیبان و بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەو ئەدیبانەی لە مێژووەکەیدا باسیان دەکات، چەند بۆچونێکی ڕەخنەیی لە نوسینەوەی مێژوی ئەدەب بخاتەڕو. بەشێکی ئەم دیدە ڕەخنەییانە، پێویستن مێژونوس بیانخاتەڕو، تا مێژوی ئەدەبەکەی نەکاتە کۆرنۆلۆژیای ژیانی شاعیران و باشتر ئەدەب و ئەدیبەکان و قۆناغ و ڕەوتەکان بناسێنێت. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر مێژونوس لە نوسینەوەی مێژوەکەیدا ئەرکی ببێتە ڕەخنەکار و لە دید و میتۆد و تیۆرییە جیاجیاکانی ڕەخنەوە قسەی لەسەر دەقەکان کرد و لە پرۆسەی نوسینەوەی مێژوی دەق و پەیوەندییەکانی بە قۆناغ و هەلومەرجە جیاجیاکانەوە کەمتەرخەم بو، ئەوا خودی کارەکەی دەبێتە کۆمەڵێک وتاری ڕەخنەیی. بۆیە پێویستە مێژونوسی ئەدەب لە هێڵەکانی کارکردنی مێژو ئاگاداربێت، چونکە هەر خودی مێژوی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەب هێڵە سەرەکییەکانیان بۆ قسەکردن لە دەق لەیەکەوە نزیکن. بۆیە پێویستە مێژونوس تا ئەو جێگەیە پشت بە دیدە ڕەخنەییەکانی بۆ بەدەرخستنی قۆناغ و پەرەسەندنی قۆناغە ئەدەبییەکە ببەستێت، کە پێویستن و دەچنەوە خزمەتی مێژوی قۆناغە ئەدەبییەکەی باسی لێوە دەکات. هەر بۆ نمونە هەندێ بۆچون و کاری ڕەخنەیی لە نێو مێژوی ئەدەبی مێژونوسان هەن بە کتێبی (کاروانی شیعری نوێی کوردی کە بواری کاری ئێمەیە) ئەم دەربڕین و کارە ڕەخنەییانە هیچ پێویست نین لە نێو مێژوی ئەدەبدا، کە مێژونوس لای لێکردونەتەوە و لەسەریان وەستاوە.

ئەوەی لێرەدا دەمانەوێ بیخەینەڕو، تەواوی دیدە ڕەخنەییەکانی (کاکەی فەللاح)ە، لە (کاروانی شیعری نوێی کوردی)، لە ڕوی (ڕەخنەی بابەتی و ڕەخنەی خودی)ەوە:

**ڕەخنەی خودی** ئەو بۆچونە ڕەخنەییانە دەگرێتەوە کە نوسەر بێ پشتبەستن بە میتۆد و تیۆرێکی ڕەخنەیی قسە لەسەر دەقی ئەدەبی بکات و ڕاو بۆچونە تایبەتییەکانی خۆی لەسەر دەقەکەدا پراکتیک بکات، بێ گەڕانەوە بۆ هیچ میتۆد و تیۆرێکی ڕەخنەی ئەدەبی. هەروەها **ڕەخنەی بابەتی**، بەپێچەوانەی ڕەخنەی خودی، نوسەر بە پشتبەستن بە میتۆد و تیۆریی ڕەخنەی ئەدەبی خوێندنەوەیەکی بابەتی لەسەر دەقی ئەدەبی دەکات و بەپێی میتۆد و تیۆرییەکە ڕو لە دەق دەکات و لایەنە شاراوە و لێڵەکانی دەخاتە ڕوو. (بڕوانە: عەزیز گەردی، ١٩٧٤: ٢٦ ـ ٥٢).

**بۆچونە ڕەخنەییە خودییەکانی کاکەی فەللاح:**

کاکەی فەللاح، لە کتێبی (کاروانی شیعری نوێی کوردی)دا کاتێک لە ڕێگەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە قسە لەسەر شاعیر و شیعرەکان و ڕەوتی نوێکردنەوە دەکات، زۆرجار بێ پشتبەستن و گەڕانەوە بۆ میتۆد و تیۆریی ڕەخنەیی بیروڕای کەسیی خۆی بەسەر بابەتەکەدا دەسەپێنێت.

کاکەی فەللاح دەربارەی ڕۆڵی (پیرەمێرد)، سەبارەت بە نوێکردنەوەی شیعر لەو سەردەمەدا، ڕای تایبەتیی خۆی هەیە و دەڵێ ((بەلای منەوە ئەگەرچی شاعیرێکی دیار و زۆر ناسراوە، بەڵام خاوەنی ڕێباز و قوتابخانەیەکی دیاریکراو نەبوو، ئەگەرچی بەرهەمی زۆری بوو، بەڵام شەقڵی هەرەمەبی زۆر بە زەقی پێوەدیار بوو بە بیر و بڕوا و ڕەگ و ڕیشەیی و چێژ و بەهرە و سەلیقە زۆرتر پابەند و بەخێوکراوی بابەتی کلاسیک بوو)) (کاکەی فەللاح، ١٩٧٨: ٩). ئەم بۆچونە بۆچونێکە تاوتوێنەکراوی لێنەکۆڵدراوی زانستی بووە لای کاکەی فەللاح، بۆیە ڕۆڵی پیرەمێرد بە کەمئەرزش لەمەڕ پرسی نوێکردنەوەی شیعری کوردی دەخاتەڕوو.

هەروەها لەبارەی شیعرەکانی (دڵدار)ەوە، کاتێک باسی شیعری (ئەی لاو) دەکات سەبارەت بە زمان و هونەری شیعرەکە بۆچونی وایە ((لە ڕووی زمان و بەتایبەتی لایەنی شێوە هونەرییەکەی هەتا بڵێی کز و لاوازە و جێی ڕەخنەلێگرتنە)) (کاکەی فەللاح، ١٩٧٨: ١٠٥). ئەم ڕایەی نوسەر بێ توێژینەوەیە و لەسەر ئەوە سەرزەنشتێکی خودییانەی لێدەکات و بە زمانێکی بێگرێ و پێچوپەنا شیعرەکەی نوسیوە. دیدە ڕەخنەییەکەی کاکەی فەللاح، بڕیاردان لەسەر ئاستی شیعرەکەیە و هیچ وردەکارییەکی لەسەر زمان و هونەری شیعرەکە دەرنەبڕیوە.

هەر سەبارەت بە شیعرێکی دیکەی (دڵدار) لە شیعری (ئەی خودایە)دا، بۆچونێکی پێچەوانەی هەیە؛ بە باڵای شیعر و شاعیرەکەدا دەڵێ، هەمدیسان بێ لێکۆڵینەوە و وردەکاری لەسەر شیعرەکە دەڵێ: ((ئەم جۆرە تێبینی و بیرکردنەوە فەلسەفییانە ئەوە دەگەیەنن، کە شاعیرمان، لە ڕووی دڵسۆزی و خەمخۆری نەتەوە و چینی چەوساوەکانەوە وەک باوەشی بە دەردەکاندا کردووە لەو قۆناغەدا، بەدوای دەرمان و چارەکردنیشدا گەڕاوە و وێڵ بووە)) (کاکەی فەللاح، ١٩٧٨: ١٠٧) باسی لە دید و بیرکردنەوەی فەلسەفییانە دەکات، ئەگەر باسی فەلسەفە بکەین پێویستە لانی کەم ئاماژە بۆ فکرە فەلسەفییەکە بکەین، ئایا کام فەلسەفە، کام ڕەوتە. ئەگەر بیرکردنەوەی فەلسەفی، یان کام شیعرە مەبەستێک و تێڕوانینێکی فەلسەفی لەپشت بێت پێویستی بەوە دەبێت بۆ خوێنەر سیستەمە فەلسەفییەکە و چۆنیەتیی گەڵاڵەبونی لەلای (دڵدار) و چۆنیەتیی هاتنی بۆ نێو ئەدەبیاتی کوردی ڕونبکرێتەوە.

سەبارەت بە تێڕوانینی کاکەی فەللاح بۆ ئاستی ئەدەبیی (مەدهۆش)، هەر لە دەستپێکدا چەند وشە و زاراوەیەکی زۆر گەورە و قورس و زێدەڕۆی بۆ بەکاردەهێنێت ((مەدهۆش، شاعیرێکی بەهرەدار و بەتوانای ئەم سەردەمەمانە و زەوییەکی بەپیت و بەرەکەتی هونەری شیعری هەیە و دەنگێکی ئاشکرا و تایبەتی بۆ

خۆی لە کاروانی شیعری کوردیماندا دروست کردووە)) (کاکەی فەللاح، ١٩٧٨: ١١٩). سەلماندنی ئەم وەسفە زۆر و بەرزە تەنێ بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد و هەمەلایەنی زانستی دەکرێت. بۆیە ئەم تێڕوانینە خودییەی کاکەی فەللاح بۆ مەدهۆش جگە لە زێدەڕۆیی و دەربڕینێکی خودییانە هیچ پێناسەیەکی دیکەی بۆ ناکرێت.

سەبارەت بە سرودی (ئازادیخوای کوردین ئێمە)ی (ئەحمەد هەردی)ی دەڵێ: ((لەڕووی هونەری شیعرییەوە، بە وشە و دەربڕین و زمان و مۆسیقا و کێش و شێواز و داڕشتن و گەرمی و باری دەروونی و بەستنەوە و ڕەنگی چینایەتی و وردە هەوێنەکانی دیکەی شیعری سیاسییەوە، و بەتایبەتی بۆ بابەتی سرود، شاعیر لە هەڵبژاردنی وشەی شۆڕشگێڕانەی ئاوازدار و دەربڕینی مەبەستە سیاسییەکان و ڕەوانی و خۆری کێش و مۆسیقا و سفت چنینەدا زاڵ و سەرکەوتووە)) (کاکەی فەللاح، ١٩٧٨: ١٤٢). نوسەر سەبارەت بەم دەربڕینانە، هیچ وردەکارییەکی لەسەر سرودەکە پیشان نەداوە و تەنێ بە چەند دێرێک قسەی لەسەر ناوەرۆکی سرودەکە کردووە و ئەو دەربڕینانەی باسی لە بونیاتی زمانی و هونەری و ڕەهەندە دەرونی و سیاسی و چینایەتی دەکات، هیچ لێکۆڵینەوەی نەکردووە و بێ هیچ شیکار و دیاریکردنی ئەو لایەنانەی باسی لێوەکردون لە سرودەکەدا، ئەم دەربڕینە ڕەخنەییەی داوەتە پاڵ سرودەکەی ئەحمەد هەردی.

هیچ گومان لەوەدا نییە خودی مێژوی ئەدەب بەشێکی بریتییە لە تێڕوانینە خودییەکانی مێژونوس، واتە وێڕای تێڕوانینە جۆراجۆرەکان لەسەر دەقە ئەدەبییەکان دیدە تاکەکەسییەکانی مێژونوسی ئەدەبیش دەترنجێتە نێو بۆ خستنەبەرباسی خودی دەقە ئەدەبییەکان (گیلانی، ١٣٨٧: ١٦٣). بە گشتی (کاکەی فەللاح) لە نوسینی کتێبە (کاروانی شیعری نوێی کوردی)دا، بێ سڵەمینەوە و وردبوونەوەی هەستیارانە بە شێوەیەکی زۆر لە چەندین گۆشەوە گوزارشتی ڕەخنەیی لەسەر بەرهەم و ژیانی شاعیرەکان لە ڕوی شێواز و بونیات و زمان و ناوەرۆک و... هتد، دەقەکان دەربڕیوە و زۆربەی بۆچونە ڕەخنەییەکانیشی دەچنە خانەی ڕەخنەی خودییەوە.

**بۆچونە ڕەخنەییە بابەتییەکانی کاکەی فەللاح:**

تەواوی ئەو دید و تێڕوانین و بۆچونە ڕەخنەییانە دەگرێتەوە، کە بە میتۆد و تیۆریی ڕەخنەیی و ئەدەبی پشتئەستورن. وێڕای هەبونی زۆر دیدی ڕەخنەی خودییانەی کاکەی فەللاح بۆ نوسینەوەی مێژوی ڕەوتی نوێگەریی شاعیرانی سەرەتای سەدەی بیستی سلێمانی. هەندێ دید و بۆچونی ڕەخنەیی لە نوسینەوەی مێژووەکەدا بەکارهێناوە، پاڵپشتییەکی باشی میتۆدی و تیۆریان هەیە و بە خزمەتی باشترکردنی نوسینەوەی مێژوی ئەم ڕەوتە نوێیە هەژمار دەکرێن.

یەکێک لەو ڕێگە دروستانەی مێژونوس لە نوسینەوەی مێژوی ئەدەبدا پەیڕەوی دەکات، بریتییە لە قۆناغێکی مێژوی ئەدەب. هەر قۆناغێکی مێژوی ئەدەب پێویستی بەوە هەیە ئەو قۆناغە گۆڕان و فراژ و ڕەوتێکی جیاوازتر بێت لە قۆناغ و ڕەوتی پێشخۆی. ئینجا پێویستە مێژونوس ڕوماڵی ئەو قۆناغە بە ڕەوت و سەردەم و هۆکارەکانییەوە بکات. هەڵبژاردنی قۆناغی سەرەتای سەدەی بیست لە ئەدەبی کوردیدا بۆ نوسینەوەی مێژوی ئەدەب زۆر سەرکەوتووانەیە و نوسەریش درکی بەوە کردووە ئەدەبیاتی کوردی، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە لە ڕوی ناوەرۆک و ڕوخساری شیعرییەوە، چووەتە قۆناغێکی جیاوازتر. بۆیە لە هەڵبژاردنی ئەم قۆناغە، کە ڕەوتی نوێکردنەوەی شیعری کوردییە، سەرکەوتو بووە. هەڵبژاردنی ئەم قۆناغە لای کاکەی فەللاح پاڵپشتییەکی ڕەخنەیی هەیە، دەبینێت بە هۆی گۆڕانە خێراکانی کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی و گۆڕانی بارودۆخی ناوچەکە، ڕاستەوخۆ گۆڕان لە ناوەڕۆکی شیعری دێتە ئاراوە و دواتریش شاعیران لەو سەروەختەدا بە کاریگەربون بە ئەدەبیاتی تورکی و ئەوروپی گۆڕانی ڕیشەیی لە هەردو لایەنی ناوەرۆکی و ڕوخساریدا دروست بو (پیربال، ٢٠٠٥: ٤٦). کەواتە هەڵبژاردنی خودی قۆناغەکە کارێکی ڕەخنەییە و بابەتیانەیە، چونکە کاتێک قۆناغ و سەردەمێک لە رووی ئەدەبییەوە دەبێتە قۆناغێکی مێژویی، کە لە ئەدەبیاتی قۆناغی پێش خۆیەوە جیاوازبێت.

وەرگرتنی ناوچەیەک بۆ نوسینەوەی مێژوی ئەدەب هەمیشە پاڵپشتییەکی ڕەخنەیی هەیە، نوسەر دەیەوێت ڕادە و چۆنیەتیی نوێکردنەوەی ئەدەبیاتی یەک ناوچەی دیاریکراوی ئەدەبی کوردی بخاتە چوارچێوەی مێژووەکەیەوە. دیاریکردنی ئەدەبیاتی ناوچەیەک، خۆی لەخۆیدا کارێکی ڕەخنەییە و مێژونوسیش باشتر دەتوانێ بەسەریدا زاڵبێت. کاکەی فەللاح لەمەشدا سەرکەوتو بووە و تەنیا هەندێك شاعیرانی سلێمانیی خستوەتە نێو مێژووەکەیەوە.

هەڵبژاردنی شاعیرەکان (ئەگەرچی چەند شاعیرێکی هاوسەردەمی شاعیرەکانی نێو مێژووەکەی - پیرەمێرد، ڕەشید نەجیب، شێخ نوری... هتد، لە سلێمانیدا هەبونە و ڕۆڵیشیان لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا هەبووە و ئاوڕی لێنەداونەتەوە) و ڕیزکردنیان بەپێی ساڵی لەدایکبوون، کردەیەکی ڕەخنەگرانەیە و بابەتییانە (٩ شاعیر)ی لە یەک سەردەم و ناوچە وەرگرتووە و هەموشیان هەم لە ڕوی ناوەرۆک و هەمیش ڕوخسارەوە مژوڵی نوسینی شیعر بە مۆدێلە نوێگەرییەکە بونە و کۆمەڵەیەکی دیاری شاعیرانی نوێخوازی سەردەمی خۆیان و کوڕی ڕۆژگاری خۆیان بونە.

کاکەی فەللاح لە کاتی نوسین لەسەر شیعر و شاعیرەکاندا، هەوڵیداوە کاریگەری سەردەمی شاعیرەکان باسبکات. ئەمەش لەو دیدەوە، نوسەر درکی بەوە کردووە سەردەم بە هەمو ڕوداو و گۆڕانکارییەکانییەوە کاریگەریی ڕاستەوخۆی بەسەر شاعیرەکانەوە هەبووە و ئەم بارودۆخە تازەیەش بە ڕونی لە شیعرەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە. کەواتە مێژونوس هۆکارە دەرەکییەکانی شاعیرەکانی لەبەرچاوگرتووە و بە دیاردەی نوێکردنەوەی شیعری شاعیرەکانەوەی بەستونەتەوە. ئەم جۆرە ئیشکردنەش بریتییە لە ڕەخنە و بابەتیانەش مامەڵەی لەگەڵ کردون و دەقە شیعرییەکانیشی وەکو بەڵگەی مێژویی باسکردون و ناوەرۆکی بەشێک لە شیعرەکانی پەیوەست بە بارودۆخ و ڕوداوەکان کردووە.

لایەنێکی دیکەی کاکەی فەللاح لە نوسینەوەی مێژوی ئەدەبدا، هەوڵیداوە لە هێنانەوەی نمونەی شیعریی شاعیرەکان لە کۆن بەرەو تازە کاربکات. هەمیشە لەوێوە دەستپێیکردووە، کە شاعیرەکە سەرەداوێکی بە کۆن و بنەما هونەرییەکانی زمان و کێش و سەرواوە کۆنەوە هەبووە و ئینجا بەرەو دیاردە نوێگەرییەکانی شاعیر کشاوە. واتە لەکاتی باسکردنی شاعیرەکان لە نمونەی شیعری کۆن بەرەو تازە (کلاسیک دواتر ڕۆمانتیک و ڕیالیستی) ڕۆیشتووە و زیاتریش هەوڵیداوە تازەترین (شیعری ڕیالیستی) بخاتەڕو و قسە لەسەر مەبەستە شیعرییەکان بکات.

تەواوی ئەم هەوڵە ڕەخنە بابەتیانەی بە سودی نوسینەوەی مێژوی ڕەوتی شیعری نوێی سەرەتای سەدەی بیستی سلێمانی شکاوەتەوە، کە خۆی ناوێناوە (کاروانی شیعری نوێی کوردی). بۆیە وەک پێشتر لەوەدواین، کە نوسەر لە هەڵبژاردنی قۆناغ و ڕەوت و شاعیرەکان سەرکەوتو بووە، ئەگەرچی لە ساڵی (١٩٧٨)وە ئەم کتێبە نوسراوە، دەتوانین بڵێین ئەگەر بەراوردی بە هەوڵ و کتێبە مێژوییەکانی دوای خۆی بکەین یەکێکە لە هەوڵە سەرکەوتووەکانی نوسینەوەی مێژوی ئەدەبی کوردی. ئەویش

لەبەر ڕادەی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنی ڕەوت و قۆناغ و ناوچەیەکی تایبەتی شیعر لە ئەدەبیاتی کوردیدا.

## ئەنجامەکان

لە کۆتاییی توێژینەوەکەدا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

- کاکەی فەللاح لە مێژووەکەدا سەرکەوتووانە و کۆک لەگەڵ تیۆری نوسینەوەی مێژوی ئەدەبیات یەک قۆناغی شیعری کوردی باسکردووە، ئەویش قۆناغی شیعری نوێی کوردییە و بە خستنە بەرباسی ژیان و شیعری شاعیرەکان و پەیوەستکردنی شیعرەکان بە بارودۆخی مێژوییەوە لە هەوڵی ئاوێزانکردنی قۆناغەکەی بە بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە بووە ئەویش بە خستنەڕوی هەلومەرجی قۆناغە و بەستنەوەی بە ناوەرۆک و مەبەستە شیعرییەکانی شاعیرەکان، ویستویەتی بەستێنە مێژوییەکەی قۆناغە شیعرییەکە لە یەک شوێن (سلێمانی) دیاری بکات و لەگەڵیشیدا هەوڵیداوە مانای شیعرەکان پەیوەست بە سەردەم و گۆڕانەکانی ڕۆژگارەکە بکاتەوە. ئەمەش بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی قۆناغ و پەرەسەندنەکەی شیعری قۆناغەکەیە. بۆیە دەکرێت وەک کتێبێکی مێژونوسی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.
- کاکەی فەللاح هەوڵیداوە لە ڕێگەی مانا و مەبەستە شیعرەکانەوە ئەدگارەکانی قۆناغە مێژوییەکە دەربخات و ڕونی بکاتەوە و دواتریش ئەم مانا و ناوەرۆکە شیعرییانەی پەیوەست بە ڕێبازە ئەدەبییەکان بکاتەوە. بۆیە هۆکارە دەرەکییەکانی لەبەرچاو گرتون بۆ خستەڕوی مانای شیعرەکان و پەیوەستکردنەوەیان بە قۆناغە نوێگەرییەکەی شیعری کوردیی سەرەتای سەدەی بیست. یەکێک لە کاری ڕەخنەی ئەدەبی لە نێو مێژوی ئەدەبیشدا بریتییە لە بەستنەوەی دەق بە سەردەم و هەلومەرجە جۆربەجۆرەکانەوە.
- بەهۆی لێکنزیکیی دو لە لقەکانی ئەدەبیاتناسی (ڕەخنەی ئەدەبی و مێژوی ئەدەبی)، کاکەی فەللاح بە سود وەرگرتن لە ڕەخنەی ئەدەبی کارە مێژوییەکەی بە ئەنجام گەیاندووە. هەر لەبەر ئەمەشە مێژونوس لە بەکارهێنانی ڕەخنەی ئەدەبییەوە زۆر چووەتە پێشەوە و لە دو ڕەهەندەوە دەستی بۆ بەکارهێنانی ڕەخنەی ئەدەبی بردووە: یەکەمیان لە ناچارییەوە بووە و بە بەکارهێنانی ڕەخنەی ئەدەبی توانیویەتی دەستەشاعیرێکی یەک قۆناغ وەرگرێت لە ڕێگەیەوە ڕەوتە نوێگەرییەکەی شیعری ناوچەی سلێمانی پێ دەربخات و ئەم کارەشی بە سودوەرگرتن لە ڕەخنە بە قازانجی مێژووەکەی بووە. دووەمیان لە هەندێ شوێندا پێویستیش نەبووە و کاری ڕەخنەیی ئەنجامداوە. ئەم کارەشی نەچووەتە خزمەتی مێژووەکەی و پیشاندانی پەرەسەندنی قۆناغەکە و چۆنیەتیی گۆڕانکارییەکانەوە. بۆیە جۆری دووەمیان لە بەکارهێنانی ڕەخنەدا بە پێویستنەبونی ڕەخنە لە نوسینەوەی مێژوی ئەدەبدا هەژمار دەکرێت.
- دیدە ڕەخنەییە خودییەکانی کاکەی فەللاح لە نوسینەوەی مێژوی قۆناغە ئەدەبییەکەیدا دو جۆرن: بەشێکیان بە ئەرێیی و سودبەخش بۆ نوسینەوەی مێژووەکەی هەژماردەکەین، کە نەیانهێشتووە مێژووەکەی ببێتە کۆرنۆلۆژیا و هەندێ زانیاری لەسەر شیعر و شاعیرەکان بە خوێنەر دەدات، کە خودی خوێنەریش چاوەڕێی زانیاری لەسەر شیعر و شاعیرەکان لە مێژوی ئەدەب دەکات. بەشێکی دیکەی ڕەخنە خودییەکانی مێژونوس نەرێنی و لێنەکۆڵدراوە و بڕیاری نازانستین و بە سودی مێژووەکە نەگەڕاوە.
- دیدە ڕەخنەییە بابەتییەکانی کاکەی فەللاح لە نوسینەوەی مێژووەکەیدا بۆ دیاریکردن و ناساندنی پەرەسەندنی شیعری قۆناغ و ناوچە و سەردەمەکە، هەمدیس دو جۆرن: بەشێکیان چونەتە خزمەتی باشتر نیشاندانی قۆناغە مێژوییەکەی شیعری نوێی ناوچەی سلێمانی، ئەوانیش بریتین لە (دیاریکردنی قۆناغ و ناوچە و شاعیرەکان). بەشەکەی دیکە بە پێچەوانەوە هەندێکجار وێڕای پراکتیزەکردنی چەند بۆچونێکی ڕەخنەیی و بابەتییانە لەسەر شیعر و شاعیرەکانەوە، لەبەرئەوەی زۆر ورد و لەسەر ڕۆیشتوی میتۆد و تیۆریی ڕەخنەیین و ڕەخنەکارانە کاری کردووە و چووەتە شوێنی ڕەخنەکارەوە، بە نەرێیی و ناکۆک لەگەڵ تیۆریی نوسینەوەی مێژوی ئەدەب هەژماردەکرێن.

## سەرچاوەکان

بەسیر، کامل حەسەن (2015). مێژووی ڕەخنەسازی، غەزەلنوس، چا. تاران، چ١، سلێمانی.

پیرباڵ، فەرهاد (2005). ڕەگوڕیشەکانی تازەبوونەوەی شیعری کوردی، چا. کوردستان، هەولێر.

حوسێن، هێمداد و نازم، سەنگەر (2020). ئەدەبی جیهانی چەمک و مێژوو و ئاریشەکانی، چا. ئاوێر، هەولێر.

سەجادی، بەختیار (2010). مێژوونووسی ئەدەبی لە ئەدەبی کوردیدا، کۆمەڵە وتاری یەکەمین کۆڕبەندی نەتەوەیی ئەدەبی کوردی لە زانستگای کوردستان، چا. توێژینگەی زمان و ئەدەبی کوردی ـ زانستگای کوردستان.

عومەر، موحسن ئەحمەد (2019). ئەزموونی مێژوونووسیی ئەدەبی کوردی، گۆڤاری توێژەر، بەرگی٢، ژمارە٤، پاییز، زانکۆی سۆران.

عەبدولغەفوور، هەژار ئەحمەد (2013). ڕوانینێکی ڕەخنەیی لە سەر نوسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

قادر، ڕێبین خلیل (2017). میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی لە کتێبی (کاروانی شیعری نوێی کوردی)ی (کاکەی فەللاح)دا، گۆڤاری ئەدکادیمیای کوردی، ژمارە ٣٩، چا. زانکۆی سەڵاحەدین ـ هەولێر.

کاکەی فەللاح (1978). کاروانی شیعری نوێی کوردی، بەرگی یەکەم، چا. زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

گەردی، عەزیز (1974). ئەدەب و ڕەخنە، چاپخانەی الحوادث، بەغدا.

مەنتک، حەمە (2018). میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی (ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕووی تیۆرییەوە)، تەفسیر، چ١، هەولێر.

نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد (2011). فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چا. بینایی، سلێمانی.

ئەحمەدزادە، هاشم (2020). ڕەخنەی ئەدەبی، چەند ڕامانێکی خێرا، ماڵپەڕی ژنەفتن، ٢٦ی تشرینی یەکەم. https://jineftin.krd

(گیلانی)، احمد سمیعی (2008)-(1387 ھ). گزارش اراء گوستاو لانسون درباره روش تاریخ ادبیات نگاری، نامه فرهنگستان، سال دهم، زمستان، شماره(4).

زیرین کوب، عبالحسین (1975)- (1354 ھ). نقد ادبی، امیر کبیر، تهران.

فتوحی، محمود (2008)-(1387 ھ). نظریه تاریخ ادبیات، انتشارات سخن، تهران.

قویمی، مهوش (2005)-( 1384 ھ). (جمع از نویسندگان)، درباره تاریخ ادبیات، ناشر. چ١، سازمان مطالعه و تدوین کتب علم انسانی دانشگاه (سمت).

**Literary criticism in the history of literature ؛For example (New Kurdish Poetry) by (Kakai Fallah)**

**ABSTRACT**

This study aims to investigate literary criticism within the context of literary history, using "The History of New Kurdish Poetry" by Kakai Fallah as a case study. Fallah's book delves into the lives and poetry of nine contemporary poets from the Sulaimani region, aiming to portray their experiences while also offering critical insights into their works. Employing descriptive analysis, the research examines Fallah's critical viewpoint as discussed in the book. It explores the relationship between literary criticism and literary history, and analyzes the role of criticism in shaping historical narratives. Furthermore, it assesses Fallah's use of literary criticism in writing "The History of New Kurdish Poetry" and discusses the necessity or lack thereof of employing criticism in historical writing. Additionally, the author demonstrates both the necessity and the unnecessary use of criticism, drawing on their experience as a historian who has extensively employed literary criticism and critical perspectives in documenting the history of a specific period and region within the development of modern Kurdish poetry. The results of this study reflect Fallah's critical engagement and thorough analysis in documenting the emergence and development of modern poetry in Sulaimani during the early twentieth century, highlighting key trends and shifts in the literary landscape of the time.

KEYWORDS: Literary Criticism, History of Literature, Kakai Fallah, History of New Kurdish Poetry, New Poetry.

**النقد الأدبي في تاريخ الأدب؛ (كاروانی شیعری نوێی کوردی) لـ(کاکەی فەللاح) أنموذجا**

**الملخص**

هذه الدراسة المعنونة بـ: (النقد الأدبي في تاريخ الأدب - (کاروانی شیعری نوێی کوردی) لـ(کاکەی فەللاح) أنموذجا)، محاولة لدراسة النقد الأدبي في تاريخ الأدب الكوردي، وأخذت كتاب (کاروانی شیعری نوێی کوردی) لـ(کاکەی فەللاح) أنموذجا. كتاب (کاروانی شیعری نوێی کوردی) لـ(کاکەی فەللاح) يحتوي حياة تسع من الشعراء الحديثيين الذين كانوا يعيشون في منطقة السليمانية إضافة إلى تجربتهم الشعرية، وذلك من أجل عرض حياتهم وإبداعاتهم الأدبية، فضلا عن إبداء نظرة نقدية عن هؤلاء الشعراء ومحاولاتهم الأدبية. وقد أجريت الدراسة وفق المنهج الوصفي التحليلي، حيث تم فيها تحليل آراء الكاتب النقدية بين دفتي كتابه. تمت الإشارة في الدراسة إلى كل من النقد الأدبي والتاريخ الأدبي والعلاقة القائمة بينهما، إضافة إلى دور النقد في كتابة تاريخ الأدب، كما ذكرت كيفية استعمال النقد الأدبي في كتابة (کاروانی شیعری نوێی کوردی)، وذلك بالتعويل على نظرية كتابة تاريخ الأدب. ومع ذلك تم تناول ضرورة اللجوء إلى النقد وعدم ضروريته من وجهة نظر الكاتب، إذ هو كمؤرخ استعمل النقد الأدبي بشكل واسع في كتابة تاريخ مرحلة شعرية حديثة وفي منطقة شعرية محددة. والنتائج التي توصلت إليها الدراسة تركز على ظهور النقد (الذاتي والموضوعي) لـ(کاکەی فەلاح) عبر عملية كتابة تاريخ اتجاه الشعر الحديث ومرحلته ونشأته في بداية القرن العشرين وتلك في منطقة السليمانية.

**كلمات مفتاحية:** النقد الأدبي، تاريخ الأدب، كاكا فلاح، قافلة الشعر الكردي الجديد، الشعر الحديث.